# گفتوگۆی خەیاڵکردی

## نێوان

## کارل مارکس و میخائیل باکونین

مۆریس کرێنستن





و. لە فارسییەوە: هەژێن

چاپی یەکەم، فیبریوەری ۲۰۱۰

# گفتوگۆی خەیاڵکردی

نێوان

# کارل مارکس و میخائیل باکونین

## مۆریس کرێنستن



و. لە فارسییەوە: **هەژێن**

چاپی یەکەم، فێبریوەری ٢٠١٠

## بەرایيەك بۆ ديالۆگ

وەك دەزانين، پەيوەندی نێوان كارل هاينريش ماركس Karl Heinrich Marx و ميخائيل ئەلێكساندرۆڤيچ باكونين Mikhail Alexandrovich Bakunin وەك دوو كەسێتی ناسراوی نێو بزووتنەوەی سۆشياليستی و بەدياريكراوی نێونەتەوەيی يەكەم زۆر دژوار و پڕ ناكۆكی بوو.

ئەم گفتوگۆ خەياڵكردە، كە هيچ كات ڕوونەداوە، يەكەم جار لە ڕاديۆ (BBC)ی لەندەن لە ئۆكتۆبەری ١٩٦٢ لەلايەن مۆريس كرێنستن Maurice William Cranston بڵاوكراتەوە، هەروەها لە دێسەمبەری هەمان ساڵدا لە گۆڤاری ئەناركی Anarchy لە لەندەن چاپكرا و دواتر وەرگێڕدرايە سەر زمانی ئيسپانی و لە چەندين گۆڤاردا لە پاريس و ئەمەريكای باكوور و خوارو بڵاوكراتەوە.

هاندەری وەرگێڕانی ئەم گفتوگۆيە، كە بەڕادەيەك مشتومڕێكی هزری لە خۆگرتووە و كورتەيەك لە ناكۆكييە هزرييەكانی ئەو دوو كەسێتييە و تەنانەت ئاراستە جياوازەكانی نێو نێونەتەوەيی يەكەم دەخاتە ڕوو، بۆ ئەو نائاگابوونە يا بەهەڵەگەيشتنە دەگەڕێتەوە، كە لەنێو بزاڤی سۆشياليستی كوردستان و ناوچەكەدا، لەمەڕ ناكۆكييەكانی نێو نێونەتەوەيی يەكەم و جياوازييەكانی ماركسيزم و ئەناركيزم زاڵە، ئەوەش بۆ زاڵی ماركسيزم- لێنينيزم وەك ئايديۆلۆجيايەك و پاگەندەی پارت و ڕێكخراوە چەپەكان، كە هاوتەريب لەتەك پاگەندە ژاراوييەكانی ميديای دەسەڵاتداران ديوی ڕاستەقينەی ناكۆكييەكان و ئاراستە و بنەماكانی هزری (ئەناركيستی)يان شێواندووە و باڵێكی گەورەی

نێونەتەوەیی یەکەم، کە بزووتنەوەی کرێکاریی خوارووی ئۆروپا بوو، شێواندووەتە دوژمنی چینایەتی خودی کرێکاران و بە دژەپڕۆلیتێری و وردەبۆرجوازییانەیان ناواندووە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەزموونەکانی ١٩١٧- ١٩٢١ی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و ڕاپەڕینی کرێکاران لە جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیا ١٩٣٦ – ١٩٣٩، ئەوەیان سەلماندووە، کە دوژمنی چینایەتی چەوساوان بەگشتی و کرێکاران ئەوانەن و ئەوانە بوون، کە لەژێر دروشمی بریقەداری هەڵخڕێنەرانەدا دەسەڵاتخوازیی خۆیان بەسەر کۆمیتەی کارخانەکان و ئەنجومەنەکانی (سۆڤییێتەکانی) کرێکاران و سەربازان و دەریاوانان لە ڕاپەڕینی١٩١٧دا سەپاند و لە هەنگاوی دووەمدا کارخانەکانیان لەژێر خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاران دەرکێشا و کۆمیتەکانیان هەڵوەشاندنەوە و ئەنجومەنەکانیان کەنارەگیرکرد و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان لە دەسەڵاتی پارتەکەیاندا کورتکردەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلان و پیلانانەش، دنەدانی گیانی دەستەگەری (سکتاریزم) و پڕکردنەوەی زیندانەکان و گولەبارانی بەکۆمەڵی شۆڕشگێڕە پێشەنگەکانی شۆڕش و دروستکردنی دەزگەکانی سیخوڕی و تۆقاندن، پێویستی بێچەندوچوونی ئەو سەرکوتە بوون.

سەرکوتی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕوسیە لەلایەن سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکانەوە، تەنیا بە کوشتن و ڕاونانی سۆشیالیستە دژەسەروەرەکان و کۆمەڵکوژی ڕاپەڕیوانی کرۆنشتات و دژەخونی لە جوتیارە کۆمونخوازەکانی ئۆکرانیا و .. تد کۆتایینەهات، بەڵکو حەفتاساڵ بزاڤی سۆشیالیستی لە سەرتاسەری دونیادا کردە قوربانی بەرژەوەندییە ناپڕۆلیتێرییەکانی دیکتاتۆریی پارت و جەنڕاڵەکانی ئیمراتۆری ئەو پارتە و زەمینەخۆشکردن بۆ ئەو دڕندایەتییەی نەزمی

نیئۆلیبڕالیزم، کە لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤی تائاستی دڕندە دابەزاندووە و کار لەسەر ڕۆبۆتکردنی مرۆڤ دەکات.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەزموونی ڕاپەڕینەکانی دەوروبەری خۆمان لەوانە ڕاپەڕینەکانی ١٩٧٩ی ئێران و ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی عیراق بدەین، ئەوا ئەوەیان سەلماندووە، کە دوژمنانی بزاڤی سۆشیالیستی پاش سەرمایەداران، ئەوا ڕەوتی دەستەگەریی و ئایدیۆلۆجیاگەرین، کە بێجگە لە شکست و پرشوبڵاوی و شەڕی لابەلایی و دەسەڵاتخوازانەی گروپە ڕامیارییەکان، هیچی دیکە بەرهەمناهێنن و لە بەرانبەریشدا دەبنە هۆی بهێزکردنی دەسەڵاتی دوژمنانی چینایەتیمان و گیرکردنی بزووتنەوەکە لە کایە پاشکۆییەکانی ڕێکخراوە زەردەکان و بەفیڕۆدانی وزەی شۆڕشگێڕانەمان لەپێناو دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات لە پارت و پارلەمانێکەوە بۆ دیکتاتۆریی پارتێك بەناو کرێکاران و سەرجەم چەوساوان. دواجار دوورخستنەوەمان لە ئامانجی کۆتایی، کە هەڵوەشاندنەوەی سەروەریی چینایەتی و ڕۆنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیی ئازادە.

لەبەرئەوە ئامانج لەم وەرگێڕانە، کردنەوەی دەرگەیە بەڕووی جیاوازی بۆچوون و ڕەخنە و هاندانی هاوڕێیان بۆ هەڵدانەوەی ڕاستییە شاراوەکانی بزاڤی سۆشیالیستی و هەڵخڕاندنی بزاڤێك لەسەر پایەکانی خۆبیرکردنەوە و خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردن، بزاڤێك دوور لە شوانەیی ڕامیارە پیشەییەکان و ڕابەرایەتی پارت و سەروەریی دەسەڵاتخوازان.

## گفتوگۆی خەیاڵکردی نێوان مارکس و باکونین *

**باکونین:** (مارکس)ی خۆشەویست، من تەنیا دەتوانم چایی و توتنت پێشکەشبکەم، بێجگە لەمە، بە داخێکی زۆرەوە ناچارم پێتانبڵێم لەم ساتەدا هەژاری بەربینی گرتووم و توانای میوانداریی و پەزیراییم زۆر کەمە.

**مارکس:** باکونین، من هەمیشە هەژارم و لەبارەی هەژارییەوە شتێك نییە نەیزانم. خراپترین نەهامەتییە.

**باکونین:** کۆیلەتی خراپترین نەهامەتییە، نەك هەژاری. فنجانێك چاییت بۆ تێبکەم؟ من هەمیشە چایی دەمکراوم هەیە و خزمەتکارە ئینگیزەکان زۆر میهرەبانن. لەیادمە کاتێك کە لە پادینتن گرین Paddington Green دەژیام یەکێك لەم خزمەتکارانە بەناو گریس Grace لەو هەمەکارانە بوو لە بەیانییەوە تا نیوەشەو بە ئاوی گەرم و شەکرەوە بەردەوام بە پلەکانەکاندا سەر و خواری دەکرد.

**مارکس:** بەڵێ چینی کارگەر لە بریتانیا ژیانێکی سەخت و دژواریان هەیە و دەبێت یەکەمین دەستە بن، کە شۆڕشبکەن.

**باکونین:** دەبوو ئاوابووایە، بەڵام پێتوایە ئەوە ڕووبدات؟

**مارکس:** سەرەنجام ئەوان یا ئاڵمانەکان دەیکەن.

**باکونین:** ئاڵمانەکان هەرگیز ڕانەپەڕیوون. بەلایانەوە باشترە بمرن، لەوەی شۆڕشبکەن.

**ماركس:** ئەوە پرسی خوو و مێنتاڵیتی نەتەوەیی نییە، پرسی گەشەی پیشەسازییە، کە تێیدا کرێکاران هوشیاری چینایەتی بەدەستدێنن.

**باکونین:** لە (ئینگلاند)دا هوشیاری چینایەتی لەئارادا نییە. خزمەتکارێك کە باسی باشییەکەیم کرد، تەواوی ملکەچ و تێکشکاو و بێدەنگبوو، کە ئەوم ئاوا دەبینی فرە نائاسودە دەبووم.

**ماركس:** ئاوا دەردەکەوێت، کە خۆشت بەهرەکەشیت لێ کردبێت.

**باکونین:** لەندەن پڕە لە ڕەنجخۆری و بەهرەکێشی، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شارە گەورەیە پڕە لە وێرانە و کۆڵانی تاریك، لەتەك ئەوەشدا هێشتاکە کەسێکیان تێدانییە کە لەبیری سەنگەرگرتندا بێت. بەهەموو بارێکدا لەندەن جێگەی کەسانی سۆشیالیست نییە.

**ماركس:** بەڵام تەنیا جێگەیەکە، کە ئێمە دەگرێتە خۆی. من پانزە ساڵە لێرە دەژیم.

**باکونین:** بەداخەوە، کە تۆ هیچ کات نەهاتی بۆ پادنتن گرین بۆ دیدەنیم. لەوێندەرێ نزیکەی دوازدە مانگ مامەوە و دوێنێ کە کارتەکەتم بەدەستگەیشت، هاتەوەیادم کە زۆر دەمێکە یەکدیمان نەدیتووە. ڕاستییەکەی دواجار لەو ڕۆژانەوە کە لە پارس دابڕاین.

**ماركس:** من ناچاربووم کە لە ١٨٤٥دا لە پاریس دەرچم.

**باکونین:** بەڵێ لەیادمە، من تاوەکو ١٨٤٧ لەوێ مامەوە و ساڵێك

پاش دیدارەکەمان لە بەرلین و کەمێك پێش هەڵچوونەکەی دریسدن Dresden ، کە تێیدا کەوتمە دەستی دوژمن. ئەوان ١٠ ساڵ منیان زیندانیکرد و دواتر ڕاپێچی سیبریا Siberia کرام، بەڵام هەر ئاوا کە خۆت دەزانیت لەوێندەرێ هەڵهاتم و هاتمە لەندەن، ئێستاش لە ئیتالیا سەرپەنایەکم بۆ ژیان هەیە و هەفتەی داهاتوو دەچمە فلورێنس Florence.

**مارکس**: زۆر باشە، بەلایەنیکەمەوە تۆ بەردەوام خەریکی گەشتکردنی.

**باکونین**: ناچارم. من وەکو تۆ شۆڕشگێڕێکی دیارنیم. دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئەوروپایی منیان ئاوارەکرد.

**مارکس**: هەمان دەسەڵاتداران منیشیان لە چەندین وڵاتدا وەدەرناوە. سەرەڕای ئەوەش هەژاری منی ماڵبەکۆڵ کردووە.

**باکونین**: دەستکورتی لەبارەی منیشەوە هەر ئاوایە. من بەردەوام بێپارەم و ناچارم لە دۆستان قەرزبکەم. پێموایە بێجگە لە ڕۆژانی زیندان، بەشێکی بەرچاوی ژیانی خۆم بە قەرزکردن لەم و لەو بەسەربردووە و هەنووکەش کە تەمەنم پەنجا ساڵە هەرگیز لەبارەی پارەوە بیرمنەکردووەتەوە، چونکە لایەنێکی بۆرجوازیانەی هەیە.

**مارکس** : لایەنیکەم خەرج و باری خێزانت لەسەرشان نییە و لەم بارەوە خۆشبەختیت.

**باکونین**: لەوانەیە بزانیت، کە من لە پۆڵۆنیا هاوسەریمکردووە،

بەڵام منالْم نییە. کەمێك چایی بخۆرەوە. کەسێکی ڕوسی بەبێ چایی هەرگیز ناتوانێت بژێت.

**مارکس:** تۆش ڕوسییەکی تەواوی و لە کەتواردا خانەدانی. لەوانەیە کارابیدانان لەسەر هۆشی پرۆلیتاریا بۆ کەسێکی وەك تۆ ئاساننەبێت.

**باکونین:** ئەی مارکس، بەخۆت چیت؟ مەگەر تۆ کوڕی پارێزەرێکی بۆرجوای خۆشگوزەران نیت؟ ئەی ژنەکەت کیژی بارون ڤێستفالین و خوشکی شالیاری نێوخۆی پروس نییە؟ هەرگیز ناتوانرێت تۆ لە خێزانێکی ئاسایی هەژمار بکرێیت.

**مارکس:** سۆشیالیزم بێجگە لە کرێکاران پێویستی بە ڕۆشنبیرانیش هەیە. لەو نێوەدا لە شەوانی سارد و بێخەوی دوورخراوگەدا، برسییەتی و جەور و ستەمی زۆرم چەشتووە.

**باکونین:** شەوانی زیندان درێژتر و ساردترن، من وەها لەتەك برسیەتی ڕاهاتووم کە هەنووکەش زۆر بەکەمی هەستیپێدەکەم.

**مارکس:** لەو کاتەوەی کە لە (لەندەن)م لە خانووگەلی وێرانە و هەرزان و قەبزدا دەژیەم. من زۆر جار ناچاربووم، کە پارە قەرزبکەم و خواردن بەقەرز بهێنم و دواتر بۆ بژاردنی لیستی قەرزەکانم، جلوبەرگم بە بارمتە دابنێنم. منالّەکانم فێربوون لە پشت دەرگەوە بە داواکەرانی قەرزەکان بڵێن، کە من لەماڵنیم. هەموومان، هاوسەرەکەم، من، خزمەتکارە پیرەکەمان، هێشتاکە لە دوو ژووردا دەژین و پارچە کەلوپەلێکی چاك و خاوێنی تێدا بەدیناکرێت. من لەسەر هەمان مێز کاردەکەم، کە هاوسەرەکەم

لەسەری کاری چنین و درومان دەکات و منداڵەکان بە یاریکردنەوە خەریکدەبن. زۆربەی کاتەکان بەبێ خواردن یا بەبێ ڕۆشنایین، لەبەرئەوەی کە بۆ کڕینیان پارەمان نییە. سەرەڕای ئەوەش هاوسەرەکەم و منداڵەکانیشم نەخۆشن و ناتوانم بیانبەمە لای پزیشك، لەبەرئەوەی نە توانای دانی پارەی پزیشك و نە توانای کڕینی دەرمانێکم هەیە، کە بۆیان دەنووسێت.

**باکونین:** مارکسی خۆشەویست، دۆستانێکی میهرەبانی وەك هاوکارت ئەنگڵس بۆچی یارمەتیتنادەن؟

**مارکس:** ئەنگلس لەڕادەبەر بەخشندەیە، بەڵام هەموو کات لەتوانایدا نییە یارمەتی من بدات. بڕوابکە، کە هەر جۆرە بەدبەختییەك بەسەرمهاتبێت و گەورەترین نیگبەتیش کە هەشت ساڵ لەوەوبەر بە مردنی کوڕەکەم ئێدوارد Edouard کە شەش ساڵان بوو، ڕووی لە من نا، هەر ئاگای لە من بوو. فرانس بیکن Francis Bacon پێیوایە کە کەسانی هەڵکەوتە هێندە لەتەك جیهان و سروشتدا پەیوەنییان هەیە و سەرنجدەدەنە شتگەلی دیکە، کە هەر کۆست و لەدەستدانێك بە ئاسانی وەردەگرن. من لەم دەستە کەسە نیم و مەرگی کوڕەکەم، وەها ئازاریدام، کە ئێستاش وەك یەکەم ڕۆژی مردنەکەی خەمبارم.

**باکونین:** ئەگەر پێویستیت بە پارە هەیە، ئەلێکساندەر هەرزن Alexandre Herzen پارەی زۆری هەیە و من هەمیشە یەکەم جار بۆ لای ئەو دەچم و هۆیەك نابینم لەوەی کە کۆمەك بە تۆش نەکات.

**مارکس:** هەرزن ڕیفۆرمیستێکی بۆرجوا و زۆر ڕواڵەتییە و ئامادەنیم کاتی خۆم لەتەك وەها کەسانێك بەسەربەرم.

**باكونين:** بەڵام ئەگەر هەرزن نەبووایە، من نەمدەتوانی یەك دوو ساڵ لەوەوبەر (مانیفێستی کۆمونیست) وەربگێڕمە سەر زمانی ڕوسی.

**مارکس:** لەتەك ئەوەی کە وەرگێڕانەکە دواکەوت، بەڵام بۆ ئەوە سوپاسگوزارم. لەوانەیە وەك کاری دواترت بە وەرگێڕانی پەرتووکی (هەژاری فیلۆسۆفی) دەستپێبکەی.

**باکونین:** نەخێر (مارکس)ی خۆشەویست. ئەو بە یەکێك لە کارە باشەکانی تۆ دانانێم و بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی پییەر جوزیف پرۆدۆن (P.-J. Proudhon)ەوە لەڕادەبەدەر بێویژدانی و ناڕەوایی بەرانبەر کراوە.

**مارکس:** ئەم بابەتە بە ئەنقەستە و کەمتر لەمەش نابێت چاوەڕوانیت هەبێت، چونکە وەڵامێکە بۆ پەرتووکەکەی ئەو (فیلۆسۆفی هەژاری).

**باکونین:** شێوەی مشتومڕ لەتەك سۆشیالیستێکدا بەو جۆرە نییە.

**مارکس:** پرۆدۆن سۆشیالیست نییە. ئەو نەزانێکی خۆفێرکردووی چینەکانی خوارەوەیە، کە تازە بەم سەردەمە گەیشتووە و خەریکی شتێکە کە نایزانێت. بانگەوازە گەمژانەکانی ئەو لەمەڕ زانست بەڕاستی وەرسکەرن.

**باکونین:** من دان بەوەدا دەنێم کە پرۆدۆن زۆری لەتوانادا نییە، بەڵام سەدان جار لە سۆشیالیستە بۆرجوازییەکان، شۆڕشگێڕترە. ئەو ئەوەندە لێهاتووە، کە بێئاییینی خۆی ڕادەگەیێنێت. سەرەڕای

ئەوەی کە ئەو لایەنگری ئازادی لە هەر جۆرە دەسەڵاتێکە و دەیەوێت سۆشیالیزم لە هەر جۆرە کۆتێکی دەوڵەتی بەریبێت پرۆدۆن ئەنارکیستە و دان بەوەدا دەنێت.

**مارکس:** بەواتایەکی دیکە ئامانجەکانی ئەویش وەك ئەوانەی تۆن.

**باکونین:** کارایی ئەو لە مندا هەرگیز قوڵنەبووەتەوە. ئەو لە توندوتیژی خەبات خۆشینابێت و وێرانکردن بەجۆرێك چێکرنەوە وێناناکات. من شۆڕشگێڕێکی چالاکم، بەڵام پرۆدۆن وەك تۆ سۆشیالیستێکی تیئۆریکارە.

**مارکس:** مەبەستت لە سۆشیالیستێکی تیئۆریکار چییە، تێناگەم، بەڵام بەبێ دوودڵی دەڵێم، کە بە ئەندازەی تۆ شۆڕشگێڕێکی چالاکم.

**باکونین:** مارکسی خۆشەویست مەبەستم بێڕێزیکردن نەبوو، هەروەها ئەوەم لەیادە کە بە هۆی هانابردنت بۆ دەمانچە لە دانشگەی بۆن Bonn دەرکرای و بەگوێرەی ئەمە بۆ شۆڕش سەربازێکی باشدەبیت. بەمەرجێك کە بتوانم لە پەرتووکخانەکەی مۆزەخانەی بریتانیا ڕاتکێشمە نێو سەنگەرەکان. ئەوەی کە ناوی تۆم وەك سۆشیالیستێکی تیئۆریکار برد، مەبەستم ئەوە بوو، کە تۆش وەك پرۆدۆن تیئۆریکاری و من هەرگیز وەك تۆ یا ئەو ناتوانم نامەی فیلۆسۆفیانەی درێژ و پەرتووکی قەبە بنووسم. توانایی من لە ئاست نامیلکەیەکدایە.

**مارکس:** تۆ پیاوێکی خوێندەواری و نابێت وەك پرۆدۆن ساویلکانە بنووسی.

**باكونين:** ئەوە ڕاستە کە پرۆدۆن کەسێکی گوندییە و خۆفێرگەرە و من کوڕی دارایێك، بەڵام پێموایە ئەوەی مەبەستی تۆیە ئەوەیە کە من لە دانشگەی بەرلین فیلۆسۆفی (هێگل)م خوێندووە.

**مارکس:** باشترین خوێندنت کردووە و من لە سۆشیالیستێکی ڕۆشنبیری وەك تۆ لەوە زیاتر چاوەڕوانیم هەیە، کە لە سەنگەرەکاندا تفەنگ بە کۆڵیدا بدات یا تالاری ئۆپێرای درێسدن بسووتێنێت.

**باکونین:** مارکس، شەرمەزارمدەکەیت. من بەخۆم تالاری (ئۆپێرا)م نەسووتاند و لە ڕاستیدا من لە درێسدن مەبەستی ئاژاوەنانەوەم نەبوو. دەبێت ڕاستی شتەکەت لەیادبێت، کە ئەنجومەنی زاکسن Sachsen دەنگی بەپێکهێنانی فەرمانداریییەکی فیدراڵی لە ئاڵمانیا دا و لەبەرئەوەی کە پاشای زاکسن دژی هەر جۆرە یەکێتییەك بوو، ئەنجومەنەکەی هەڵوەشاندەوە. خەڵکی کە سوکایەتییان بەرانبەر کرابوو، لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا لە شەقامەکانی (درێسدن)دا سەنگەریانگرت و ڕابەرانی ئەنجومەن کە بۆرجوایانی ئازادایخواز بوون، چوونە نێو تەلاری شارەوانی و (فەرمانداریی کاتی)یان ڕاگەیاند.

**مارکس:** لەو بڕوایەدام، کە بۆ کەسێکی وەك تۆ کە دژی هەر جۆرە فەرمانداریییەکە، ڕووداوێکی دڵخۆشگەر بووبێت.

**باکونین:** ئیدی خەڵکی چەکداربوو و دژی پاشا ڕاپەڕی. لەبەرئەوەی کە منیش لە درێسدن بووم، خۆم نایە پێناو شۆڕش. هەرچۆن بوو شارەزایی سەربازیم هەبوو و ئازادیخوازانی زاکسن هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەمەڕ چەکداری نەبوو، من لەتەك

چەند ئەفسەرێکی پۆلۆنی ستادی فەرماندەیی هێزەکانی (شۆڕش)مان ڕێکدەخست.

**مارکس:** سەربازانێکی بەختەوەربوون، هەرچەندە بۆ تۆ سەرەنجامێکی خۆشی نەبووە.

**باکونین:** ڕاستدەکەیت. چەند ڕۆژ درێژەینەکێشا و پاشا هێزی یارمەتیدەری لە پروسەکان وەرگرت و ئێمە بەچۆڵکردنی درێسدن ناچاربووین. بەو جۆرەی کە گوتت هەندێك لە دۆستانی ئێمە، تالاری (ئۆپێرا)یان ئاگرتێبەردا، بەڵام من پێموابوو تەلاری شارەوانی کە بەخۆمان تێیدابووین، بتەقێنینەوە، بەڵام پۆلۆنییەکان لەو نێوە نەمان و (مونێر)یش کە لە دوایین ئازادیخوازانی زاکسن بوو بڕیاری گواستنەوەی فەرمانداریی بۆ کێمنیس Chemnitz دابوو و من لەبەرئەوەی کە نەمتوانی بەجێیبهێڵم، وەك بەرخێك بۆ سەربڕین بەزەویدا درام. لە کێمنیس سەرۆکی شارەوانییەکەی ئێمەیان لەنێو جێگەدا دەستگیرکرد.

**مارکس:** بەو جۆرە ڕەوانەی زیندان کرایت. لەپێناو یەکێتی ئاڵمانیا و لەبەرئەوەی کە بە زۆر دەتویست فەرمانداریییەکی ئازادی بۆرجوازی پێکبهێنیت. بەڕاستی گاڵتەجارییە.

**باکونین:** بۆی هەبوو کە من تەنانەت لەبەر ئەو پرسە لە سێدارەبدەن، بەڵام هەنووکە ژیرترم و لە تۆوە زۆر شت فێربووم. من ساڵی ١٨٤٨ دژی تۆ بووم، بەڵام هەنووکە دەبینم کە ڕاستتدەکرد. بەداخەوە مەشخەڵی شۆڕشەکانی ئۆروپا منیان فرەتر بەرەو خاڵە نیگەتیڤەکانی شۆڕش ڕاکێشکرد، تاوەکو خاڵە پۆزەتیڤەکانی.

**ماركس:** دڵخۆشم کە ئەم ساڵانە بۆ تۆ پڕ دەرککردن و هزرانێکی سوودبەخش بوون.

**باکونین:** لەتەك ئەوەشدا هێشتاکە، لە شتێکدا من ڕاستمدەکرد. من وەك سلاڤییەك خوازیاری ئازادی و ڕزگاریبوونی نەژادی سلاڤی لەژێر چەپۆکی ئاڵمانیا بووم و لەو ڕێگە شۆڕشگێڕانەوە کە بەڕوخانی ڕژێمە هەنووکەییەکانی ڕوسیە، نەمسا، پروس و تورکیە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی خەڵك لە ژینگەیەکی تەواو ئازاد کۆتاییدەهات، دەگەڕام.

**ماركس:** کەواتە هێشتاکە بیر لە یەکێتی سلاڤەکان دەکەیتەوە و هێشتاکە هەمان ڕوسە نیشتمانپەروەرەکەی (پاریس)ی.

**باکونین:** مەبەستت لە ڕوسێکی نیشتمانپەروەر چییە؟ ئایا هێشتاکە لەو باوەڕەدایت، کە من سیخوری دەوڵەتی (ڕوسیە)م؟

**ماركس:** من هەرگیز وەها بیرکردنەوەیەکم نەبووە و یەکێك لە بەڵگەکانم ئەم سەردانییەی ئێستایە، تا پاشکارایی هەر جۆرە گومانێك لەبارەی ئەو بۆچوونە خراپە، بسڕمەوە.

**باکونین** : بەڵام ئەم بەسەرهاتە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ (Neue Rheinische Zeitung)دا کە تۆ سەرنووسەری بوویت، بڵاوکرایەوە.

**ماركس:** من پێشتر ئەم بابەتەم ڕوونکردووەتەوە. بەسەرهاتەکە لەوێوە دەستیپێکرد، کە هەواڵنێرەکەمان لە پاریس ئاگاداری-کردینەوە، کە جۆرج ساند George Sand گوتوویەتی تۆ سیخوری

ڕوسیەیت. دواتر ئێمە بە درۆخستنەوەی هەواڵەکەمان لەلایەن جۆرج ساند و خودی تۆوە بەدووروودرێژی بڵاوکردەوە. ئێمە بێجگە لەمە کارێکی دیکەمان لەدەستنەدەهات. خودی منیش چەندین جار پەشیمانی خۆمم لەو بارەوە دەربڕیوە.

**باکونین:** سەرەڕای ئەوەی کە دەزانیت، لە زیندانی (نەمسا)وە بۆ زیندانی تاکەکەسی لە ڕوسیە و دواتر بۆ سیبیریا دوورخرامەوە، لەتەك ئەوەشدا تا هەنووکەش نەتتوانیوە ئەم پاگەندەیە لەنێوبەری. تۆ هەرگیز زیندانینەکراوی و واتای زیندەبەچاڵکردن نازانیت. ئەوەی کە هەر ساتێك لە شەو و ڕۆژ ناچاری بەخۆت بڵێیت من کۆیلەم و لەنێوچووم. ئەوەی کە لێوانلێوبیت لە ئازایەتی و فیداکاری بۆ ئازادی، بەڵام گشت ئەڤین و هۆگری خۆت لە چواردیوارییەکدا بەند ببینی. ئەمانە هەموو بەڕادەیەکی زۆر هەراسانگەرن چ بگات بەوەی کە پاش ئازادبوون لەتەك ئەوە ڕووبەڕووبیت، کە مۆری سیخوریکردن بۆ دژەخونێك کە تۆی زیندانی کردووە، لە نێوچەوانت درابێت.

**مارکس:** بەڵام چی دیکە هیچ کەس باوەڕ بەو بەسەرهاتە ناکات.

**باکونین:** بەداخەوە، لە لەندەن دووبارە ئەو پاگەندەیە بڵاوکراوەتەوە و لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی دەنیس ئورکەهارت Denis Urquhart کە یەکێکە لە هاوەڵە ئینگلیزەکانی تۆ، چاپکراوە.

**مارکس:** ئورکەهارت مرۆڤێکی سەیرە. هەر شتێك کە سەرچاوەیەکی تورکی هەبێت، خۆشیدەوێت و ڕکی لە هەر شتێکە کە ڕوسی بێت. بەگشتی سەری لێشێواوە.

**باكونین:** بەڵام تۆ بۆ ڕۆژنامەکەی ئەو وتاردەنووسیت و لە بەرنامەکانی ئەودا بەشداریدەکەیت.

**مارکس:** ئەو مرۆڤێکی سەیروسەمەرە و لەبەردڵانە، لەبەرئەوەی لەبارەی پالمێرستن Palmerston لەتەك من هاوڕابوو یا ئاوای دەردەبڕێت، لەبەرئەوەیە کە بوار بۆ بڵاوبوونەوەی نووسینەکانم دەرەخسێنێت. لە ڕاستیدا جۆرێك لە پاگەندەیە و وەك ڕۆژنامەی نیویۆرك تریبون New York Tribune زۆر کەم پارەش دەدات. هەرچۆن بووە، ڕێمبدە دڵنیاتبکەم، تازەبوونەوەی پاگەندەی گەمژانەی سیخوڕی تۆ بۆ ڕوسیە، منی لە خۆت فرەتر هەراسانکردووە. هیوادارم مۆڵەتم بدەیتێ جارێکی دیکە لەبەر دەستبوونم لە بڵاوکردنەوەی ئەم پاگەندەیەدا، داوای لێبوردن بکەم. هەرگیز لە پەشیمانبوون بۆ ئەم پرسە خۆم نابوێرم.

**باکونین:** مارکس، داوای لێبوردنی تۆ پەسەند دەکەم.

**مارکس:** بەڵام دەبێت هاوەڵانە لەتەك تۆدا لەسەر پرسێك بدوێم، ئەویش یەکگرتنی سلاڤەکانە کە لە بەرژەوەندی سۆشیالیزمدا نابینم و تەنیا دەبێتە ئامرازێك بۆ بەرەوپێشچوون و فراوانبوونی دەسەڵاتی ڕوس لە ئەوروپا.

**باکونین:** یەکێتی سلاڤەکان لە جۆرە دیموکراتییەکەی بەشێکە لە بزاڤی ئازادیبەخشی ئۆروپا.
**مارکس:** قسەی پوج، قسەی پوچ.

**باکونین:** (مارکس)ی خۆشەویست بیسەلمێنە کە قسەی پوچە. چە بەڵگەیەکت هەیە؟

**مارکس:** کاتی گونجاو بۆ یەکگرتنی سلاڤەکان سەدەکانی هەشت و نۆ بوون، کە سلاڤەکانی باشووری ئۆروپا، سەراپای پۆلۆنیا و (نەمسا)یان داگیرکردبوو و بەڕادەیەکیش هەڕەشەیان لە تورکیەی ئەو کاتە دەکرد. ئەگەر ئەوان لەو سەردەمەدا، کاتێك کە دوژمنانی ئەوان واتە ئاڵمانەکان و پۆلۆنییەکان یەکدییان پارچە پارچە دەکرد، نەیانتوانیبێت بەرگری لە خۆیان بکەن و ڕزگاریان-ببێت، چۆن دەتوانرێت چاوەڕوانی هەبێت، کە پاش هەزار ساڵ کۆیلەتی و لەدەستدانی نەتەوایەتی، ئەم کارە جێبەجێبکرێت؟ نزیکەی هەموو وڵاتە ئۆروپییەکان لەم کەمایەتییە سەیروسەمەرانە و پاشماوانەی ڕابوردوویان تێدایە، کە لەلایەن نەتەوە فەرمانڕەوا ناو دراوون، لەوانەیە لەیادتبێت کە هێگڵ Hegel ئەوانە بە تلّپە ڕەچەڵەك ناودەبات.

**باکونین:** کەواتە تۆ ئەم خەڵکانە بە پەست و ناپەسەند دادەنێیت و مافی ژیانیان بەڕەوانابینیت.

**مارکس:** من لە زمانی مافەکان تێناگەم. بوونی وەها خەڵکانێك بۆ خۆی نارەزایەتییە بەرانبەر مێژوو و لەبەر ئەوەیە کە ئەوان هەمیشە دواکەوتوون. بەڵگەش بۆ ئەمە سەرنجی پشتیوانی گالەکان'ی سکۆتلاند Ggalleries Scotland لە ستوارتس Stuarts لە ١٦٤٠- ١٧٤٥؛ برێتنەکان Bretons لایەنگرانی باربۆنەکان Bourbon ١٧٩٢- ١٨٠٠؛ باسکەکان Basques لە ئیسپانیا یا نەمسا Austria لە ١٨٤٨دا. ئەو کاتە چ کەسانێك شۆڕشیانکرد؟ ئاڵمانەکان و پۆڵۆنییەکان، هەروا کامە خەڵك چەکی پێویستیان بۆ تێکشکانی شۆڕش خستە بەردەست کۆنەپەرستانی نەمسا؟ سلاڤەکان، سلاڤەکان لەتەك ئیتالییەکان جەنگین و بەناو پاشا هابسبورگ (Habsbourg)ەوە (ڤییەنا)یان داگیرکرد. هێزە سالاڤەکان، (هابسبورگ)یان لەسەر تەختی دەسەڵات دانایەوە.

**باكونين:** سروشتییە کە لە سوپای ئیمپراتۆردا، سلاڤەکانیش بەشدارن، بەڵام دەبێت بزانی کە بزووتنەوەی پان-سلاڤەکان دیموکراتیك بوو و پەیگیرانە لەسەر ئەوە سوورە کە لەتەك (هابسبورگ)ەکان، (رومانۆڤ Romanovs)ەکان و هۆهینزۆلێرن (Hohenzollern)ەکان وەك یەك دژایەتیبکات.

**مارکس:** بەڵێ من ڕاگەیاندنەکانی ئەنگۆم خوێندوونەتەوە و دەزانم دەتانەوێت چی بکەن.

**باکونین:** بەگوێرەی ئەمە دەزانیت کە چیم گوتووە. لەنێوبردنی گشت سنوورە دەستکردەکان لە ئۆروپا و پێکهێنانی سنوورگەلێك کە لەسەر بناخەی خواستەکان و فەرمانداریی خودی خەڵکن.

**مارکس:** لە ڕواڵەتدا زۆر باش دیارە، بەڵام گرفتە کەتوارییەکانی جێبەجێکردنی وەها بەرنامەیەك لەبەرچاوناگریت، کە پلەبەندی جیاوازی پێشکەوتن و شارستانییەتی خەڵکی وڵاتە جیاوازەکانی ئۆروپایە.

**باکونین:** من هەمیشە گرفتەکان لەبەرچاودەگرم و بۆ لەنێو-بردنیشیان پێشنیارمکردووە، کە فیدراسیۆنێك لەم وڵاتانە پێکبێت. سلاڤییەك لەتەك ئاڵمانییەك یا پۆڵۆنییەك دوژمنی باوککوشتەی یەکدی نین و ئێمە لەسەر بنەمای برایەتی، یەکسانی و ئازادی، دەستی یەکێتییان بۆ درێژدەکەین.

**مارکس:** بەڵام ئەمانە هەموو قسەن و ڕاستی شتێکی دیکەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بێجگە نەژادی خۆت و پۆڵۆنییەکان و لەوانەشە سلاڤییەکانی تورکیە، سلاڤییەکانی دیکە بەهیچ

شێوەیەك داهاتوویەکیان نییە، لەبەرئەوەی مەرجی مێژوویی، جوگرافیایی، ئابووریی، ڕامیاریی و پیشەسازیی پێویست بۆ سەربەخۆییان نییە و هەروەها شارستانییان نییە.

**باکونین:** ئەی ئاڵمانەکان هەیانە. ئایا پێتوایە شارستانی گەورەی ئەوان ڕێگە بە ئاڵمانەکان دەدات، کە ئۆروپا بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان و هەموو تاوانێك ئەنجامبدەن؟

**مارکس:** کامە تاوان؟ تا ئێستاکە هەرچییەکم لە مێژوودا خوێندووەتەوە، تەنیا تاوانێك کە ئاڵمانەکان و پۆڵۆنییەکان بەرانبەر سلاڤەکان کردوویانە، بەرگرتن بووە لەوەی کە ببنە تورك. ئەگەر ئەو وڵاتە بچووك و پرشوبڵاوانە لە دژی دوژمنی هاوبەشییان یەکیاننەگرتایە، تووشی هیچ بەڵایەك نەدەبوون.

**باکونین:** وەك هاوپەیمانێك پارێزگارییان لێنەکراوە، بەڵکو سوکایەتی و بەهرەکێشییان بەرانبەر کراوە.

**مارکس:** لەوانەیە لەو نێوەدا چەند گوڵێك لەژێر پێدا هەڵوەریبن، بەڵام بەبێ زۆر و توندوتیژیش هیچ شتێك لە مێژوودا بەدەست نایێت.
**باکونین:** هەمیشە وەك ئاڵمانییەکی تەواو قسەدەکەی.

**مارکس:** بەپێچەوانەوە، من هەمیشە دژایەتی دەمارگیری نەتەوەیی ئاڵمانەکانم کردووە. من هەمیشە گوتوومە کە ئاڵمانیا لەچاو وڵاتە مێژووییە گەورەکانی وەك ئینگلاند و فەرەنسە دواکەوتووە، لەبەرئەوەی کە بەرانبەر بە نیشتمانی خۆم هەستەوەرنیم، بۆیە هەستی خۆشباوەڕانەی سلاڤەکانیشم بەلاوە پەسەندنییە.

**باكونین**: لەوانەیە هەر لەبەرئەمەش لایەنگریت لە جەنگی پروس و دانیمارك كردبێت.

**ماركس**: من لەبەر هەمان هۆ كە لایەنگریم لە جەنگی فەرەنسەییەكان لە جەزائیر كرد، لایەنگریشم لە جەنگی پروس دژی دانیمارك كرد. بەرفراوانی پەرەسەندنی پیشەسازی سەرهەڵدانی سۆشیالیزم خێراتردەكات.

**باكونین** : تێڕوانینی من بەرانبەر ئاڵمانیا، تێڕوانینێكە كە ڤۆڵتێر Voltairer دەربارەی خوا هەیبوو. واتە "ئەگەر بوونی نەبووایە دەبوو دروستی بكەن". بۆ زیندووهیشتنەوەی یەكێتی سلاڤەكان، هیچ شتێك لە نەفرەت لە ئاڵمانەكان كاراتر نییە.

**ماركس**: ئەمە بۆ خۆی بەڵگەیەكی دیكەیە یەكێتی سلاڤەكان كە تۆ مەبەستە، كۆنەپەرستانەیە. چونكە لەجیاتی نەفرەت لە دوژمنی ڕاستەقینەیان واتە بۆرجوازی، كەچی تۆ خەڵكی فێری ئەوە دەكەیت، كە قینیان لە ئاڵمانەكان بێت.

**باكونین**: ئەم دووانە دەست لەنێو دەستی یەك دەڕۆنە پێشەوە و ئەمەش بەڵگەی پێشكەوتنێكە، كە بەرانبەر نیشتمانپەروەریی كرچوكاڵی سەردەمی لاوێتی لە مندا بەرهەمهاتووە. تێڕوانینی ئیستای من ئەمەیە، كە ئەگەر زۆرینەی خەڵك لە خوێندن و پەروەردە و نان و ڕۆژانی پشوو بێبەشبن، بۆ ئەوان ئازادی لە درۆیەك زیاتر نییە.

**ماركس**: من هەروەك خۆت دەزانی بە دۆستی خۆمت دەزانم و ئەوەش كە تۆ بە سۆشیالیست بزانم هیچ گومانێكم نییە، سەرەڕای ئەوەی ...

**باكونين:** سەرەڕای ئەوەی چی؟

**ماركس:** ئەوەی كە هۆگریت بۆ ڕامیاریی نییە.

**باكونین:** من بەدڵنیاییەوە خۆشم لە پارلەمانەكان، پارتەكان، دەستەی دامەزرێنەران و ئەو جۆرە دامەزراوانەی نوێنەران نایێت. مرۆڤایەتی لەدووی دونیایەكی باشتر وێڵە. دونیایەكی نوێ، بەبێ یاسا و بەبێ فەرمانداریییەكان.

**ماركس:** واتە ئەنارکی.

**باكونین:** بەڵێ، ئەنارکی، پێویستە ئێمە سەراپای ڕژێمە ڕامیارییەكان و مۆڕاڵەكانی ئەم ڕۆژگارەی كۆمەڵ لە سەرەوە تا خوار تێكبدەین. دەستاودەسكردنی ئەو دەزگایانەی كە هەن، هیچ دەردێك چارەسەرناكات.

**ماركس:** من ئارەزووی لەنێوبردنیانم نییە و تەنیا دەڵێم كە دەبێت كرێكاران بیانخەنە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە و دواتر بیانگۆڕن.

**باكونین:** ئەوانە دەبێت بەتەواوی لەنێوبچن، دەوڵەت خواست و توانایی و لێهاتوویی ئێمە لەنێودەبات و یەكەمین بنچینەی هەر سۆشیالیزمێكی كەتواری هەڵگێڕانەوەی كۆمەڵیە.

**ماركس:** ئەمە پێناسەیەكی سەیر و سەمەرەیە بۆ سۆشیالیزم.

**باكونین:** من ئەوەندە هۆگریم بۆ پێناسەكان نییە و لەم ڕووەوە

لەتەك تۆدا جیاوازیم هەیە. من باوەڕم بەوە نییە کە سیستەمێکی ئامادە و لەبەردەست بتوانێت ڕزگارگەری دونیا بێت. من هێشتاکە سیستەمێکم نییە و بەدوایدا دەگەڕێم. فرەتر باوەڕم بە غەریزە هەیە تا هزر.

**مارکس:** بەڵام بەبێ بەرنامە ناتوانیت سۆشیالیست بیت.

**باکونین:** هەڵبەتە بەرنامەم هەیە و ئەگەر حەزدەکەی خاڵ بە خاڵ بەرنامەی خۆمت بۆ ڕوونبکەمەوە. یەکەم، هەر جۆرە یاسا و بڕیارێکی دەستکردی مرۆڤ وەلادەنێم.

**مارکس:** بەڵام بەبێ یاسا ناکرێت. چونکە جیهانی هەستیش یاسای خۆی هەیە.

**باکونین:** هەڵبەتە ناتوانرێت یاساکانی سروشت وەلابنرێن. لەوەشدا لەتەك تۆدا هاوڕام، کە مرۆڤ بەهوشیاری و دەرککردنی یاساکانی سروشت، کە بەسەر دونیای هەستیدا زاڵن، ئازادییەکی فرەتر بەدەستبهێنێت. مرۆڤ ناتوانێت لەدەست سروشت قوتاربێت و هەوڵدان بۆ کارێکی ئاوەها بێسەرئەنجامە، بەڵام ئەوەی کە من پێشنیاریدەکەم هەڵوەشاندنەوەی گشت یاسا دروستکراو و دانراوەکانی دەستی مرۆڤن، لەوانە یاسا ڕامیارییەکان و یاساکانی دادگەری.

**مارکس:** هەر بەڕاست پێتوایە، کە کۆمەڵ نابێت هیچ یاسایەك بەسەر تاکەکانی خۆیدا بسەپێنێت؟

**باکونین:** کۆمەڵ نابێت پێویستی بە سەپاندنی یاسا هەبێت. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەتەك بوونەوەرێکی دڕندەدا

جیاوازە. هەڵبەتە لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا کە کێبڕکێ و موڵکایەتی بوونیان هەیە و کەسەکان لە بەرانبەر یەکدیدا دەوەستنەوە، پێویستیان بە یاساگەلێك دەبێت. لەبەرئەوە بەبێ ئازادی، سۆشیالیزم نایێتەدی.

**مارکس:** من هەرگیز لایەنگری لە سۆشیالیزم بەبێ ئازادی ناکەم.

**باکونین:** بەڵام (مارکس)ی خۆشەویست تۆ ئەم کارەت کردووە، چونکە خوازیاری " دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا"یت.

**مارکس:** دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا بەشێکە لە ئازادی و ئازادیگەری.

**باکونین:** کاتێك کە لە ئازادی دەدوێین، لە خەیاڵی خۆمدا تەنیا جۆرێك ئازادی کە شایستەی ئەم ناوەیە، لەبەرچاودەگرم. ئازادییەك کە تێیدا لێهاتوویە هزری و ماددییەکان کە لە پێکهاتەی هەر مرۆڤێکدا هەن، بەرەو پێگەیین پەروەردەبکات. ئازادییەك کە هیچ سنووربەندییەك بێجگە لەوەی کە سروشتی مرۆڤ پێکدەهێنێت، پەسەندناکات و دواجار مەبەست لە ئازادی، ئازادییەکە، لەجیاتی ئەوەی کە ئازادی کەسانی دیکە سنووربەندی بکات، لەتەك ئازادی هەمووان‌دا تەبا دەبێ و پەرەدەسێنێت. من بیر لە ئازادی دەکەمەوە کە بەسەر هێزی دڕندە و بنەماکانی دەسەڵاتخوازییدا سەردەکەوێت.

**مارکس:** گوێم لە قسەکانت بوو، بەڵام نازانم چۆن لێکیانبدەمەوە. تەنیا خاڵێك دەخەمەڕوو و ئەویش ئەوەیە کە بەبێ بنەمای دەسەڵات یارمەتی بە دەرکەوتنی سۆشیالیزم ناکرێت یا لە ڕامیارییدا دەستکەوتت نابێت.

**باكونین:** سۆشیالیزم پێویستی بە بنەمایەکی ڕێکوپێك هەیە، نەك دەسەڵات. ئەم ڕێکوپێکیەش نەك لە دەرەوە، بەڵکو بەهۆی ڕێکوپێکی کەسیی و دڵخوازییەوە، کە هیچ جۆرە ناکۆکییەکی لەتەك بنەمای ئازادیدا نییە، دێتەدی.

**مارکس:** لەوە دەچێت لەمەڕ شۆڕشەکانت هیچ ئەزموونت وەرنەگرتبێت. وەها بزووتنەوەگەلێك بەبێ بنەمای دەسەڵات پێناگەن. تەنانەت لە سوپای ئەنارکیستیشدا پێویستمان بە ئەفسەران دەبێت.

**باکونین:** ئەوە ئاساییە کە لە کاتی جەنگدا، ئەرك و ڕۆڵەکان بەگوێرەی لێهاتوویی کەسەکان لە ڕووی هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی گشت بزاڤەکەدایە، لەنێوان ئەواندا دابەشدەکرێن. هەندێك کەس فەرمان دەدەن و هەندێك فەرمان جێبەجێدەکەن، بەڵام هیچ ئەرکێك جێگیرنییە و هەمیشەیی نابێت. پلەبەندیی بوونی نییە و فەرماندەرانی ئێستا لەوانەیە فەرمانبەرانی سبەینێ بن. هیچ کەس بەرانبەر بە کەسێکی دیکە بەرز اکرێتەوە و ئەگەر وەك شتێکی کاتیش پێویستبێت، دواتر دەگەڕێتەوە دۆخی جاران. وەك شەپۆلی دەریا کە دواجار دەگەنە ڕادەی هاوئاستییەکی شایستە.

**مارکس:** زۆر باشە باکونین، ئەگەر تۆ ددان بەبوونی ڕابەریی و فەرماندەیی لە جەنگدا دەنێیت، لەم بارەدا ناکۆکیمان نییە. من بۆ خۆم هەمیشە گوتوومە کە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا تەنیا لە قۆناخە سەرەتاییەکانی سۆشیالیزمدا پێویستە و هەر کە کۆمەڵی بێچین لەسەر پێ بوەستێت، پێویستییەك بەدەوڵەت نییە و بە قسەی هاوکارم ئەنگلس، دەوڵەت گۆڕبەگۆڕ دەبێت.

**باکونین:** لە (مانیفێستی کۆمونیست)دا کە تۆ و ئەنگلس نووسیوتانە، قسە لەسەر لەنێوچوون نەکراوە، هەرچۆنێك بێت نامیلکەیەکی زۆر باشە و ئەگەر بەلامەوە باش نەبووایە، وەرمنەدەگێڕایە سەر زمانی ڕوسی. ئاساییە ئەم ڕاستییە هەر لەجێی خۆیدایە، لە دە (١٠) خاڵێکدا کە وەك بەرنامەی سۆشیالیستی لەو نامیلکەدا دیاریتانکردوون، نۆ جار پێداویستی گەورەتربوونی دەوڵەتی بەرجەستەکردووە و لەو بەرنامانەدا دەوڵەت خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، بازرگانی و بانکداری کۆنترۆڵدەکات، کاری کردووەتە زۆرەملێ، باج دەسێنێت و زەویوزارەکانی خستووەتە ژێر چنگی خۆی و پەیوەندییەکان (پۆست و تێلەفۆن و تێلەگراف)ی لەدەستدایە و فێرگە و زانستگەکانیش بەڕێوەدەبات.

**مارکس:** ئەگەر خۆشت لەم بەرنامەیە نایێت، سۆشیالیزمیشت خۆشناوێت.

**باکونین:** بەڵام ئەوە سۆشیالیزم نییە، بەڵکو شێوەیەکە لە بالآیی دەوڵەتگەرایی، کە زۆر جێی سەرنجی ئاڵمانەکانە. سۆشیالیزم بریتییە لە بەڕێوەبردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ لەلایەن خودی کرێکارانەوە.

**مارکس:** دەوڵەتێکی سۆشیالیستی، دەوڵەتی پرۆلیتاریایە، هەردووکیان ڕاستەخۆ بەڕێوەبەرایەتییدەکەن.

**باکونین:** بەڵام ئەمە بۆخۆی نموونەیەکی دیارە لە خۆشباوەڕیی لە سیستەمی دیموکراسی بۆرجواکاندا، کە خەیاڵدەکەن خەڵك دەتوانێت دەوڵەت کۆنترۆڵبکات. بەپێچەوانەوە لە کرداردا ئەوە

دەوڵەتە کە خەڵك بەڕێوەدەبات و هەرچەندە دەوڵەت بەهێزتر بێت، دەسەڵاتەکەی لەنێوبەرتر دەبێت. سەرنجی ڕووداوەکانی ئاڵمانیا بدە. بەو ڕادەی کە دەوڵەت گەشەیکردووە، سەراپای گەندەڵی سەرچاوەگرتوو لە نێوەندێتی دەسەڵاتەوە تەشەنەی کردووەتە ناخی تاکەکانی کۆمەڵوە، کە لەوانەیە ڕۆژگارێك ڕاستگۆترین و پاکترین کەسانی دونیا بووبن. سەربارى ئەمە چەپاوڵگەرییەکانی سەرمایەداریش لەتەك خێرایی گەشەی دەوڵەتدا گونجاو و فراوانبوون.

**مارکس:** گەشەی چەپاوڵگەرییەکانی سەرمایەداری ڕێگە بۆ سەردەرهێنانی سۆشیالیزم خۆشدەکەن. هۆی ئەوەی کە ڕوسیە تا ئەو ڕادەیە لە سۆشیالیزمەوە دوورە، ئەوەیە کە تازە خەریکە لە دەرەبەگایەتی (فیئۆدالیزم) دەردەچێت.

**باکونین:** مارکس ئەزیزم، خەڵکی ڕوسیە واوەتر لە وێناکردنی تۆ لە سۆشیالیزمەوە نزیکن. جوتیارانی ڕوسی ڕێسای شۆڕشگێڕانەی خۆیان هەیە و بۆی هەیە ڕۆڵێکی گەورە لە ئازادکردن و ڕزگاری مرۆڤایەتیدا ببینن. شۆڕشی ڕوسی لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکەکەیدا ڕیشەی هەیە. لە سەدەی هەڤدەدا گوندنشینانی باشووری خۆرهەڵاتی ڕوسیە ڕاپەڕین و لە سەدەی هەژدەمیشدا پۆگاچێف Pougatchev هەڵچوونی جوتیارانی لە دەوروبەری ڤۆڵگا Volga بۆ ماوەی دوو ساڵ پێشڕەوایەتیکرد. ڕوسەکان دەست لە یاخیبوون هەڵناگرن و لەو باوەڕەدان کە نەمامی پێشکەوتنی مرۆڤ بە خوێنی مرۆڤ ئاو دراوە. هەروەها دەست لە یاریکردن بە ئاگر هەڵناگرن و هەروا ئاگربەرانە مۆسکۆ بەمەبەستی تێکشکانی ناپلیۆن دیاردەیەکی تەواو ڕوسی بوو. لەم مەشخەڵانەدا بنەچەی مرۆڤ لە کۆتوبەندی کۆیلەتی ڕزگاریدەبێت.

**مارکس:** زۆر وروژێنەرانە بوو، بەڵام کەتواری شتەکە ئەوەیە کە سۆشیالیزم بە پەیدابوونی پڕۆلیتاریای هوشیارەوە پەیوەستە، کە تەنیا لە وڵاتە پیشەسازییەکانی وەك ئینگلاند، ئاڵمانیا و فەرەنسە بوونیان هەیە. لە بەراورد بە چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کۆمەڵی دێهاتی کەمترین ڕێکخستن و ئامادەیی بۆ شۆڕش هەیە. دێهاتییەکان تەنانەت لە لۆمپن و پۆخڵەواتەکانی شاریش دواکەوتووترن و لە بەربەرەکان و ئەشکەوتنشینەکان دەچن.

**باکونین:** ئەمە نیشانیدەدات، کە چەند لەتەك یەك ناکۆکین. بە تێڕوانینی من گوڵی سەر سەبەتەی پڕۆلیتاریا لە توێژی کرێکاران و پیشەوەرانی شارەزای کارخانەکان، کە لە ڕووی ڕامیاریشەوە نیوە بۆرجوان، کۆتاییناییێت. من وەها کەسگەلێکم لە بزاڤی کرێکارانی (سویسرا)دا دیتوون و دڵنیاتدەکەمەوە کە لەتەك دەمارگیری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و خواست و ڕەفتاری چینی نێوەنجی ئالوودەن. تەکنیککاران کەمتر لە هەموو کرێکاران سۆشیالیسترن، بەبڕوای من دەستەبژێرەکانی پڕۆلیتاریا، توێژە نەخوێندەوار و بێبەش و پڕجۆش و خرۆشەکانی کۆمەڵن، کە تۆ بە دێهاتی لۆمپن و خڵتە دەیانچوێنی.

**مارکس:** بەدڵنیاییەوە لە واتای کەتواریی پڕۆلیتاریا تێنەگەیشتوویت. پڕۆلیتاریا، هەژار و نەدارنین. لە مێژوودا هەمیشە کەسانی هەژار هەبوون، بەڵام پڕۆلیتاریا لە مێژوودا دیاردەیەکی تازەیە. ئەوە هەژاری و جۆشوخرۆش نییە، کە کەسەکان دەکاتە پڕۆلیتێر، بەڵکو ئەوە نەفرەت و تووڕەیی ئەوانە بەرانبەر بۆرجوازی و ئازایەتی و خۆڕاگری و پێداگرییانە بۆ کۆتاییهێنان بەوەها بارودۆخێك. پڕۆلیتێر کاتێك کە پەیدادەبێت، ئەم تووڕەییە دەروونییە و هوشیارییەی خۆییەی لەمەڕ چینی

کۆمەڵایەتی لەسەر هەژاری کەلەکەدەبێت. پڕۆلیتاریا چینێکی خاوەن ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، کە ئامانجی لەنێوبردنی واژەی چینی کۆمەڵایەتییە. چینێك کە هەموو مرۆڤەکان ئازادنەکات، بەخۆی ناتوانێت ئازادبێت.

**باکونین:** بەڵام دەوڵەتە سۆشیالیستییەکەی تۆ چینەکان لەنێونابات، بەڵکو دوو گروپی سەروەر و ژێردەست پێکدەهێنێت و فەرمانداریییەك کە دێتەئاراوە، فرەتر دەست لە کاروباری خەڵکیدا وەردەدات. لەلایەك ڕۆشنبیرانی دەستی چەپی و سەرکوتگەر و لووتبەرز و لەخۆبایی بە هوشیارییەوە فەرماندەدەن و لەلاکەی دیکەوە خەڵکانی ناهوشیار ملکەچیدەکەن و فەرمان-دەبەن.

**مارکس:** یاسادانەران و بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی سوشیالیستی لە هەلبژێردراوانی خەڵکی دەبن.
**باکونین:** ئەمەش لەو خۆشباوەڕییانەیە کە فەرمانداریی سەردەرکردوو لە هەڵبژاردنی گشتییەوە بە نوێنەری توانایی و خواستی خەڵکی بزانین. تەنانەت ڕوسۆ (Rousseau)ش پوچی ئەم بیرکردنەوەیەی دەرککردووە. ئامانج و مەبەستی غەریزی دەستەبژێرانی فەرماندار هەمیشە لەدژی ئامانجە غەریزییەکانی خەڵکی ئاسایین و بەهۆی پێگەی باڵایانەوە زۆر لەوەوە دوورن، کە وەك بەڕێوەبەری فێرگەیەك یا ڕاهێنەرێك ڕەفتاربکەن.

**مارکس:** دیموکراسی لیبراڵی هەرگیز ناتوانێت کارێك بەرێتەپێشەوە، چونکە دەزگە ڕامیارییەکان هەمیشە لەژێر کارایی و هەژموونی دەسەڵاتی دارایی بۆرجوازیدان.

**باکونین:** فشارگەلی دییش سۆشیال-دیموکراسی تووشی لادان و

گیرۆدەبوون دەکەن. پارلەمانێك تەنیا پێکهاتوو لە کرێکاران، لە هەمان کرێکاران و سۆشیالیستانی سەرسەختی ئێستا، شەوانە دەبێتە پارلەمانی پیاوماقولان و خانزادان. هەمیشەش هەر ئاوا بووە. گەر کەسانێك کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و پێکهاتەیین بخەێنە سەر تەختی دەسەڵات، خۆبەخۆ دەبنە کۆنەپاریز.

**مارکس:** وەها کارێك هۆی خۆی هەیە.

**باکونین:** گرنگترین هۆ ئەوەیە، کە دەوڵەتی دیموکرات بۆخۆی جۆرە ناکۆکییەکە، ئەوەی دەوڵەت، سەروەریی و دەسەڵات و هێزی هەیە، کەواتە ڕێکخەری نابەرابەرییە. لەولاوە دیموکراسی ڕواڵەتێکی یەکسانی هەیە، بەگوێرەی ئەمە دەوڵەت و دیموکراسی ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن. پرۆدۆن Proudhon ڕاستی گوتووە، کە "دەنگوەرگرتن لایەنی دژەشۆڕشی هەیە".

**مارکس:** ئەمە تەنیا نیوەی کەتوار و مێنتاڵی تێروانینی ڕۆژنامەنووسانەی (پرۆدۆن)ە. ئاساییە، ئەوە ڕاستییەکە، کە بەگشتی کرێکاران بەهۆی فشاری هەژارییەوە بەئاسانی دەکەونە ژێر کارایی پاگەندەی بۆرجوازییەوە و بەخراپی لە دەنگدانیان کەڵکوەردەگیرێت. بەڵام دەتوانریت بۆ ئامانجە سۆشیالیستییە-کانیش لە ڕاپرسی گشتی کەڵك وەربگیردرێت. ئێمە دەتوانین بەچوونە بازنەی ڕامیاریی، ئەوەی کە تەنیا لە ڕواڵەتدا دیموکراتیکە، لە نێوەڕۆکیشدا بکەینە دیموکراتیك.

هەرچەند ناتوانین لە ڕێگەی چوونە پارلەمانەوە تەواوی ئامانجەکانمان بەدەستبهێنین، بەڵام دەتوانرێت بەشێك لە ئامانجەکانی خۆمان بسەپێنین.

**باكونين:** هیچ دەوڵەتێك تەنانەت سوورترین کۆمار، ئازادی خواستراو بە خەڵك نادات و هەموو دەوڵەتێك، تەنانەت دەوڵەتە سۆشیالیستییەکەی تۆش لەسەر بنەمای زۆر جێگیردەبێت.

**مارکس:** چ ڕێگەچارەیەکی دیکەت هەیە؟

**باکونین:** پەروەردە و ڕۆشنگەری.

**مارکس:** بەڵام خەڵك نەخوێندەوارن.

**باکونین:** دەتوانرێت پەروەردەبکرێن.

**مارکس:** ئەگەر دەوڵەت نەبێت، کێ پەروەردەیان بکات؟

**باکونین:** کۆمەڵ، بەخۆی خۆی پەروەردەدەکات. بەداخەوە فەرمانداریییەکانی جیهان، خەڵکیان لە وەها نەزانییەکدا ڕاگرتووە، کە نەك تەنیا بۆ منداڵان بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی پێویستە فێرگە بکرێتەوە. پێویستە ئەم فێرگانە لە هەر جۆرە دەسەڵاتدارییەك دووربن. ئەم فێرگانە بەو شێوە باوەی ئێستا نابن و خوێندکارانی بە ئەزموون لە هەمان کاتدا کە خەریکی فێربوونن، هاوکات فێرگەرەکانی خۆشیان فێردەکەن. بەم شێوە جۆرە پەیوەندییەکی هزری لەنیوانیاندا جێکەوتە دەبێت.

**مارکس:** زۆر باشە لایەنیکەم ددان بە بوونی دوو دەستە فێرکار و خوێندکاردا دەنێیت. لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا، من بەخۆم گرفتێك بەناو پەروەردە و فێرکردن نابینم.

**باکونین:** بەڵێ، یەکەمین پرس، سەربەخۆیی و ئازادی ئابوورییە و ئەوانی دیکە بە دوای ئەوەدا دێن.

**مارکس:** هیچ شتێك خۆبەخۆ ڕوونادات، ئەگەر دەوڵەتی سۆشیالیستی دابینینەکات. لەم بارەشەوە بەڵگەی مێژوویی هەن، خوێندەوارترین خەڵکانی ئۆروپای هەنووکەیی واتە فەرەنسییەکان و ئاڵمانەکان، فێربوون و پەروەردەی خۆیان لە گرەوی سیستەمی دەوڵەتیی پەروەردە و فێربوونی گشتی دەبینن. لەو وڵاتانەدا کە دەوڵەت فێرگە دروستناکات، خەڵك نەخوێندەوارە و پەروەردە-ناکرێت.

**باکونین:** فێرگە و زانستگە بەناوبانگەکانی ئینگلاند لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نین.

**مارکس:** بەڵام لەوە خراپتر لەژێر چەپۆکی کلیسای (ئینگلاند)دان، کە بەجۆرێك بەشێکە لە دەوڵەت.

**باکونین:** زانستەکانی زانستگەکانی کامبریج و ئۆکسفۆرد لەلایەن کۆڕی سەربەخۆ و پشتئەستوور بەخۆ لەلایەن زانستپەروەرانەوە سەرپەرشتیدەکرێن.

**مارکس:** لە شێوە ژیانی ئینگلیسی زۆر ئاگادارنیت. یاسایەکی پارلەمانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هەردوو زانستگەکانی ئۆکسفۆرد Oxford و کامبریج (Cambridge)دا کرد و بۆ بەرگرتن بە بەستەڵەکی هزری تەواویان، دەوڵەت ناچار بە دەستێوەردان بوو.

**باکونین:** بەڵام بوونی ئەم زانستگایانە بەڵگەی ئەوەیە کە

زانستپەروەران بەخۆیان دەتوانن زانکۆکانی بەڕێوەبەرن و هۆیەکیش نییە بۆ ئەوەی کە کرێکاران کارخانە و کێڵگەکانی خۆیان بەهەمان شێوە بەڕێوەنەبەن.

**مارکس:** بێگومان ڕۆژێك وەها شتگەلێك کەتواری دەبنەوە، بەڵام لەم ساتە سەردەمییەدا بۆ ئەوەی سیستەمێکی باشتر بێتەدی، دەبێت دەوڵەتێکی کرێکاریی جێگەی بۆرجواکان بگرێتەوە.

**باکونین:** لەم شتەدا لەتەك تۆدا ناکۆکم. تۆ لەو باوەڕەدایت، کە پێویستە کرێکاران بۆ دەوڵەت گرتنەدەست ڕێکبخرێن، بەڵام من هەر ئەو ڕێکخستنە بۆ لەنێوبردنی دەوڵەت و ئەگەر بەلاتەوە باشبێت، بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دەوڵەت دەمەوێت. تۆ دەتەوێت سوود لە دەزگە و ڕێکخستنە ڕامیارییەکان وەربگریت، بەڵام من دەمەوێت کە خەڵك ئازادانە و خۆبەخۆ ڕێکخراو بن و یەکبگرن.

**مارکس:** مەبەستت لە یەکگرتووی خۆبەخۆ چییە؟

**باکونین:** بوونی کار بۆخۆی ڕێکخەرە. بەم شێوەیە یەکێتی بەرهەمێنەرانی ناوچە جیاوازەکان لەسەر بناخەی هاوپشتی و هاریکاریکردن بەیەکەوە پەیوەستدەبن و بۆخۆیان یەکەی گەورەتر پێکدەهێنن. هەڵبەتە سەرچاوە و خواستگەی دەسەڵات هەمیشە لە خوارەوە دەبێت.

**مارکس:** وەها پێشنیارگەلێك تەواو خەیاڵین و لەتەك ئەندێشەی سۆشیالیستە خەیاڵپەردازەکان جیاوازیی نییە. هەموویان گەمژانەن و بەداخەوە بێزیانیش نین، چونکە تێگەیشتنی ساختەکراو لەمەڕ سۆشیالیزم بڵاودەکەنەوە، کە بۆی هەیە

جێگەی تێگەیشتنە ڕاستەقینەکان بگرنەوە. لەلایەکی دیکەوە بە وەلاڕێدابردنی ئاراستەکان لە خەباتی چینایەتیدا، لە دواڕۆژدا کارایی کۆنەپارێزانە و کۆنەپەرستانەیان دەبێت.

**باکونین:** ناتوانرێت ئەم تۆمەتەم بخرێتە پاڵ، کە من لە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتییدا سەرنجی خەڵك بەلاڕێدادەبەم. هەروەها منیش وەکو تۆ لەو باوەڕەدام کە لە دونیادا تەنیا دوو بەرە هەن؛ بەرەی شۆڕشگێڕ و بەرەی دژەشۆڕش. سۆشیالیستە ئاشتیخوازەکان بەکۆمەڵە هەرەوەزیی و گوندە نموونەیەکانیان بە بەرەی دژەشۆڕشەوە پەیوەستن. ئەوی دیکە بەرەی شۆڕشگێڕە، کە بەداخەوە بەسەر دوو گروپدا دابەشدەبێت، یەکێك ئالاهەڵگری سۆشیالیزمی دەوڵەتییە، کە تۆ نوێنەرایەتی دەکەی و ئەوانی دیکە سۆشیالیستە ئازادیخوازەکانن کە من یەکێکم لەوان. ئاساییە کە لایەنگرانی تۆ فرەتر لە ئاڵمانیا و (ئینگلاند)ن، بەلام سۆشیالیستەکانی ئیتالیا و ئیسپانیا هەموو ئازادیخوازن. لەبەرئەوە گرفتەکە ئەوەیە: کام ئاراستە لە بزاڤە جیهانییەکانی کرێکاراندا پەرەدەسێنن؟

**مارکس:** هیوادارم گروپی سۆشیالیستە ڕەسەنەکان نەك ئەنارکیستەکان.

**باکونین:** تۆ سۆشیالیزمەکەی خۆت بە ڕاست و ڕەسەن دادەنێیت، ئەوەش لەبەرئەوەی کە لە سروشتی گەلیانەی دیکتاتۆری تێنەگەیشتوویت. تۆ ناچیتە سەر ئەو مەترسییەی کە بۆی هەیە کۆیلایەتی نوێ لە هەنگاوی دەوڵەتانی دیکەدا سەرهەڵبدات.

**مارکس:** لەبەرئەوەی پێتوایە، دەوڵەت هەمیشە ئامرازی دەستی چینە دەسەلاتدارەکان بووە و هەمیشەش هەر ئاوا دەبێت،

لەبەرئەوەیە ناتوانیت وێنای ئەوە بکەی، کە ئایا شێوەیەکی جیاوازتر لە دەوڵەت لە تواناد‌ا نییە؟

**باکونین:** هەڵبەتە دەتوانم دەوڵەتێکی تەواو جیاواز وێنابکەم، کە ناتوانرێت بە دەوڵەت ناوببرێت. شتێك لەو جۆرەی کە پرۆدۆن پێشنیاریکردووە: جۆرێك لە نووسینگەی کار یا بانکی نێوەندی ئاڵوویرکردن لە خزمەتی کۆمەڵدا.

**مارکس:** لەوانەیە دواجار ئەوە تەنیا شتێك بێت، کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی هەیبێت. سەردەمێك دێتەپێشەوە، کە فەرمانداریی بەسەر خەڵکدا شوێنی خۆی  بە بەڕێوەبەرایەتی کاروبارەکان دەدات، بەڵام پێش ئەوەی دەوڵەت لەنێوبچێت، دەبێت گەورە بێت.

**باکونین:** ئەمانە تەنیا لەیەك جیاواز نین، بەڵکو دژی یەکیدیشن.

**مارکس:** چی دەکەی، وەهایە. هەردووکمان فیلۆسۆفیی (هێگل)مان خوێندووەتەوە. دەزانیت کە لۆجیکی مێژوو، لۆجیکی ناکۆکییەکانە. ئەوەی کە بەخۆی خۆی ڕەتدەکاتەوە.

**باکونین:** لە فیلۆسۆفیی (هێگل)دا بابەتێکی باشە نەك لە مێژوودا. هەرگیز ناتوانرێت بە گەورەکردنی دەوڵەت، دەوڵەت لەنێوببرێت. من لایەنگری تۆم و هەرچەندە پیرتردەبم، پشتبەستنم بە تۆ لەوەی کە شۆڕشێکی ئابووریت بەڕێخستووە و کەسانی دیت لە دووی خۆت ڕاکیشکردوون، فرەتردەبێت، بەڵام هەرگیز لەتەك پێشنیارە دەسەڵاتخوازانەکانی تۆدا، نە هاوڕام و نە سەرم لێیاندەردەچێت.

**مارکس:** ئەگەر تۆ ئەنارکیست بی، ناتوانیت پەیڕەوکەری من بیت و لەوانەیە باشتربێت کە هەڵەکانی تۆ هەژماربکەم. یەکەم ئەوەی کە تۆ وەها قسە لەسەر دەسەڵات دەکەیت، کە وەك ئەوەی لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا نادروست و هەڵەبێت. وەها هەڵهێجانێك ڕووکەشانەیە.

ئێمە لە سەردەمی پیشەسازیدا دەژین و کارخانەگەلێك کە تیایاندا سەدان کارگەر سەرپەرشتی ئامێرە ئاڵۆزەکان دەکەن، شوێنی کارگەگەلی بەرهەمهێنەرانی تاکەکەسیی دەگرنەوە. گەلکاری پابەندی ڕێکخستنە و ڕێکخستنیش دەسەڵات دەخوازێت. لە سەدەکانی نێوەڕاستدا هەموو پیشەوەرێك دەیتوانی سەرکاری خۆی بێت، بەڵام لە دونیای نوێدا دەبێت ڕێنوێنی و ئاراستکردن و گوێڕایەڵی و پاشڕەوی هەبن. ئەگەر مل بە هیچ جۆرە دەسەڵتێك نەدەیت، دەبێت لە ڕابوردوودا بژیت.

**باکونین:** بەڵام من لەتەك هەموو دەسەڵاتێك نەیارنیم. بۆ نموونە لەبارەی پێڵاو و چەکمەوە، من دەچمە لای پێڵاودوور. لە پرسی خانووبەرەدا دەچمە لای تەلارساز و لە پرسگەلی تەندروستییدا سەردانی پزیشك دەکەم. بەڵام هەرگیز ڕێگە نادەم، کە پێڵاودوور یا تەلارساز یا پزیشك دەسەڵاتی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێت. من ئازادانە بیروباوەڕی ئەوان وەردەگرم و ڕێز بۆ زانیارییە تایبەتییەکانی ئەوان دادەنێم، بەڵام هاوکات ئەو مافە بۆ خۆم دەپارێزم، کە بەرانبەریان ڕەخنەبگرم و ئەگەر بۆچوونەکانیان نەیانهێنامە سەر باوەڕهێنان، لەتەکیاندا گفتوگۆ دەکەم و تێڕوانینەکانیان بەراورددەکەم. لەبەرئەوە دەزانم کە هەمووان ئەگەری هەڵەکردنمان هەیە و هۆشی باڵا بوونی نییە و منیش وەك کەسانی دیکە ناتوانم هەموو شتێك بزانم. بەم جۆرە

لۆجیکێك زاڵدەبێت، کە هیچ دەسەڵاتێکی جیهانگر بە جێگیر و پایەدار پەسەندنەکەم.

**مارکس:** بەڵام ئەگەر دەسەڵات لە ژیاری ڕامیاریی و ئابووریی دەربکەین، هەر کارێکیش، ئەگەر ئەنجامبدرێت، سەرەنجامێکی خوازراوی نابێت. بۆ نموونە چۆن دەکرێت هێڵێکی شەمەندەفەر سەرپەرشتی بکرێت، ئەگەر کەسێکی خاوەن بڕیار ئامادەنەبێت، تاوەکو لەمەڕ کاتی کەوتنەڕێی شەمەندەفەرەکان، ڕێکخستنی کەوتنەڕێی شەمەندەفەرەکان و هی دیکە سەرپەرشتیبکات و بڕیاربدات؟

**باکونین:** کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر بەخۆیان چاودێردەبن و سەرپەرشتیگەران و ئەوانی دیکە هەڵدەبژرێن و گوێرایەڵی فەرمانی ئەوانیش دەبن. لەبارەی ئەوەی چ کەسێك کورەی لۆکۆمۆتیڤەکە پێبکات و کێ لە فارگۆنی پلە یەکدا گەشتبکات، پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە، کە دەمەوێت لە هەر سۆشیالیستێك بکرێت. لە سۆشیالیزمە خوازراوەکەی مندا خەڵکی بەڕێکەوتنی نێوان خۆیان، بەنۆرە کارەکان ئەنجامدەدەن و لە پشوودان لە فارگۆنی پلەیەکیش بەهرەمەنددەبن. بەڵام لە سۆشیالیزمی ئامانجدارانەی تۆدا هێشتاکە تونچی هەژاری لۆکۆمۆتیڤەکە درێژە بەکاری خۆی دەدات و لە بەرانبەردا بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی سۆشیالیستی بە جگەرە گەڵاییەکانیانەوە فارگۆنی پلە یەك داگیردەکەن.

**مارکس:** گوێڕادێرە باکونین، هۆگری من بۆ دەوڵەت لە هی تۆ زیاتر نییە. هەموو سۆشیالیستەکان لەسەر ئەو گوتەیە کۆکن، کە دەوڵەتی ڕامیاریی هەر لەتەك سەرکەوتنی سۆشیالیزم

پێداویستی نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام تۆ لەو باوەڕەدایت، کە دەوڵەتی ڕامیاریی یەك شەوە هەڵدەوەشێتەوە و کرێکاران بەبێ هیچ جۆرە ڕابەری و دیسپلین یا لێپرسراوەتییەك ،سەربەخۆ بکرێن. کەتواری شتەکە ئەوەیە کە ئەنگۆ ئەنارکیستان بۆ ئایەندە هیچ بەرنامەیەکتان نییە.

**باکونین**: ئەمە لەبەرئەوەیە، کە ئێمە بەوردی ناتوانین ئایەندە پێشبینیبکەین. سەراپای مێژوویەك کە هەیە، مێژووی جەنگی چینایەتییە، بەڵام ئایەندە تەواو جیاوازدەبێت، چونکە کاتێك کە پرۆلیتاریا ڕیشەی ستەمکاران هەڵدەکێشێت، تەنیا یەك چین دەمێنێتەوە و ئەگەر لە خۆڵەمێشی دەوڵەتی پێشین، دەوڵەتێکی نوێ سەردەرنەهێنێت، خەڵکی توانای ئەوەیان دەبێت، کە کاروباری خۆیان لەسەر بنەمای هەرەوەزیی و گەلکاریی ئەنجامبدەن. لە ئابووری سۆشیالیستیدا بەرژەوەندی کەتواری مرۆڤەکان لەتەك یەکدیدا ناکۆك نییە، بۆیە هیچ جۆرە پاڵنەرێکی ئابووریی بۆ هێرش و سەرەنجام پێداویستیبوونی دەسەڵاتیەك بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لەنێوان دوو هاوسێی ناکۆك نییە. هاوسێیانیش چیدیکە دوژمنی یەك نابن، بەڵام ئەوەی کە خەڵکی چۆن کاروباری خۆیان ڕێکدەخەن، شتێکە کە وردەکارییەکانی تەنیا پاش جێکەتەبوونی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە تواناداا هەیە. من پشت بە بەرنامەی ئامادەکراو نابەستم. کاتێك کە غەریزەی هاریکاری و هاودەردی مرۆیی شوێنی غەریزەی کێبڕکێ دەگرێتەوە، پرس و گرفتە هونەرییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بەچاکەخوازی و بەڕێوەبەرایەتی خودی خەڵك چارەسەردەبن.

**مارکس**: گرفت و پرسەکانی تۆ بەشێکیان دەروونی و ئاکارین و

بەشێکیان ئاوەزیین. وا دێتە بەرچاو کە ئەم خراپ لێتێگەیشتنەت بۆ هاتبێتە پێش، کە دەوڵەت سەرمایە دێنێتەبوون و سەرمایەی سەرمایەدار لە سایەی سەری دەوڵەتەوە پەیدادەبێت. وەها تێگەییشتنێك بووەتە هۆی ئەوەی، کە هێندە سادەبیت، چونکە پێتوایە کە ئەگەر دەوڵەت نەمێنێت، سەرمایەداریش خۆبەخۆ لەنێودەچێت، لە کاتێکدا کە ڕاستی شتەکە، پێچەوانەی ئەمەیە: بەو واتایەی کە ئەگەر سەرمایە نەبێت یا بەر بەقۆرخبوونی کەرەستەکانی بەرهەمێهێنان لە دەستی چەند کەسدا بگرین، ئیدی دەوڵەت بوونێکی خراپەکار نییە.

**باکونین:** بەڵام فیلۆسۆفیی بوونی دەوڵەت خراپەیە. هەموو دەوڵەتەکان ئازادییان تێدانییە.

**مارکس:** بەڵام بە تێگەیشتنی توندڕەوانە و هەستێنیت لەمەڕ دەوڵەت، زیان بە ئامانجی کرێکاران دەگەیێنیت. تۆ تەنانەت سوود لە کارایی خۆت وەردەگریت و بەر بە بەشداری ئەوان لە هەڵبژاردندا دەگریت.

**باکونین:** من بە کرێکاران دەڵێم، کە دەست بۆ کارێکی باشتر لە هەڵبژاردن بەرن. واتە خەبات.

**مارکس:** تۆ پێش ئەوەی هیوای سەرکەوتن هەبێت، پێیاندەڵێیت بچنە پای جەنگ و ئەمە بۆخۆی جۆرێکە لە نالێپرساوەتی. هەروا منیش هەنووکە پێتدەڵێم کە بەشێك لە کەموکوڕییەکانت ئاکارین و یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ئارامت نییە. تۆ بەوەی کە لە سەنگەرەکاندا تەنانەت لەبەر هۆگەلێك کە باوەڕت پێیاننییە،

تەقەبکرێت، خۆشحاڵدەبێت، چونکە هەڵچوونەکانی تۆ هێور-دەکاتەوە. تۆ هەرگیز خۆت بۆ چالاکییە ڕامیارییی و کەتوارییەکان تەرخاننناکەیت، چونکە ئەو کارگەلە پابەندی ئارامی، دیسپلین و بیرکردنەوەن.

**باکونین:** سەراپای تەمەنی من بۆ چالاکییە ڕامیارییەکان تەرخانە.

**مارکس:** ژیانی تۆ لەپێناو پیلانگێڕی ڕامیاریدایە، ئەوەش شتێکی دیکەیە.

**باکونین:** تەواوی تەمەنی من لەنێو کرێکاران، ڕێکخراوەکان، پاگەندە، فێربوون و .... بەسەر چووە.

**مارکس:** پەروەردەکردن بۆ چی؟

**باکونین:** بۆ شۆڕش. لە ڕاستیدا من باوەڕم بەوە نییە، کە دەبێت کرێکاران وزەی خۆیان لە ڕێکخستن و دەزگە ڕامیارییە ساختەکان و لەنێو فەرمانداریی نوێنەراندا بەفیڕۆبدەن.

**مارکس:** من دەزانم ئەم جۆرە بیرکردنەوانە، لایەنگریان لەنێو پارێزەران، خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی ئیتالیا و (ئیسپانیا)دا هەیە، بەڵام کرێکاران ڕێگە بەخۆیان نادەن، کە کاروباری ڕامیاریی وڵاتی خۆیان لە دەرەوەی ئەرکەکانی خۆیان دابنێن. ئارەزوومەندکردنی کرێکاران بە بەشدارینەکردن لە ڕامیارییدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوو لە کەشیش و کۆماریخوازە بۆرجواکان بنێن.

**باکونین:** (مارکس)ی خوشەویست، ئەگەر نووسینەکانی منت خوێندبنەوە، ئەوا باشدەزانیت کە من بەردەوام و بەتوندی دژی کلیسا و کۆماریخوازەکان بووم و لەم بارەشەوە بۆچوونەکانی تۆ زۆر کۆنەپارێزانەن.

**مارکس:** دۆستی خۆشەویست، من هەرگیز نکۆڵی لەو خاڵە ناکەم، کە تۆ نەفرەتت لە کەشیشان و کۆماریخوازەکان هەیە، بەڵام ئەوەی تۆ دیاریناکەیت، ئەوەیە کە بیروباوەڕی تۆ لەژێر کاریی گریمانەکاندایە.

**باکونین:** (مارکس)ی خۆشەویست، گاڵتەدەکەیت؟

**مارکس:** هەرگیز، تەواو بەڕاستمە. یەکەم تێڕوانینەکانیت لەمەڕ ئازادی لەبەرچاودەگرم. بە قسەکانتدا دیارە، کە تاکە ئازادی خواستراوی تۆ، ئازادی تاکەکەسییە و لە ڕاستیدا هەمان ئازادییە کە لەلایەن تیۆریکارانی بۆرجوازی وەك هۆبز Hobbes، لۆك Locke و میل Mill پشتیوانی لێدەکرێت. کاتێك کە دەربارەی ئازادی ڕادەمێنی، پێتوایە کە نابێت هیچ کەس بەسەر کەسی دیکەدا زاڵبێت. تۆ هەموو کەسێك بە شێوەیەکی جیا و بە هەموو مافەکانییەوە لەبەردەم هەڕەشەی سەراپاگیری دەزگە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵییەکانی وەك دەوڵەتدا دەیبینی. تۆ هەرگیز وەك سۆشیالیستێکی ڕاستینە دەربارەی مرۆڤایەتی یا تاکەکەس وەك بەشێك لە کۆمەڵ بیرناکەیتەوە.

**باکونین:** جارێکی دیکە دەرکەوت، کە گوێ لە من ناگریت یا من دەرکناکەیت.

**مارکس:** پێموایە کە لە خۆت باشتر دەرکتدەکەم، چونکە ئەگەر

تێگەییشتنی تۆ لە دەوڵەت شتێك بێجگە لە دەزگەی ستەمکاری بەولاوەتر نەبێت، لەباری یەکەمدا خەڵکی تەنیا وەك کەسانی تاك ببینی، کە هەر یەکە ویست، ئارەزوو و بەرژەوندی کەسی خۆیان هەیە. وەها شێوە بیرکرنەوەیەك، لە تێڕوانینی تیئۆریکارانی بۆرجوازی لیبڕاڵ و ئێوە ئەنارکیستەکاندا هەمان وێناکردنی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵ هەیە. ئەنارکیزمی ئەنگۆ جۆرە ئازادیخوازییەکی توندڕەوانە و هیستریکییە. فیلۆسۆفیی تۆ بەدیاریکراوی خۆویستانەیە و تۆ تێگەییشتنێکت لە خود و ئازادی هەیە، کە سەرمایەداری بە سەرو سروشتەوە دەبەستێتەوە.

**باکونین:** من بەرژەوەندیم لە میتافیزیکدا نییە.

**مارکس:** بەڵام ئەنارکیزم گریمانەی میتافیزیکی لەخۆگرتووە. بەچاوپۆشی لەوەی کە دەرکی بکەیت یا نا، بنچینە ئاکارییەکانیشی لێکچووی تەواوی بنچینە ئاکارییەکانی (کریستیانیزم)ن، کە بە هەرەوەزیی و یارمەتی هەمووانی پشتئەستوورە و لە واژە کریستیانەکاندا بەڕستەگەلی وەك "جیرانی خۆتت خۆشبوێت" یا "خۆت بکە بەقوربانی کەسانی دیکە" دەردەبڕدرێن. بەڵام لە کۆمەڵێکی سۆشیالیستییدا پێویست بە ئاوا دروشمگەلێك نییە، چونکە تاك لە کۆمەڵ جیا نییە و لە خۆی و هاوسێکەی نامۆ نییە.

**باکونین:** لەبەرئەوەی کە دەوڵەت هۆکاری ئەو لێکدابڕانانەیە، بێجگە لە لەنێوبردنی دەوڵەت ڕێگەچارەیەکی دیکە لەبەردەمدا نامێنێتەوە.

**مارکس:** بەڵام وەها سڕینەوەیەك لەتوانادا نییە، مەگەر ئەوەی هۆی بوونەکەی لە کۆمەڵدا لەنێوببەین.

**باكونين:** هەر لەتەك ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاران توانایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەدەستبهێنێت، چیدی دەوڵەت پێویستنابێت.

**مارکس:** کەواتە بەگوێرەی ئەوە ددان بەوەدا دەنێیت کە لە ئێستادا پێویستە؟

**باکونین:** بەڵێ، لە کۆمەڵگەی دارایی تایبەتییدا دەوڵەت پێویستە، بەڵام پاش سەرکەوتنی سۆشیالیزم و دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی دارایی تایبەتی لەلایەن سۆشیالیستەکانەوە ....

**مارکس:** بەڵام ئەمە جۆرێکی زۆر پاشوپێشکراوی سۆشیالیزمە، کە بەدوای دابەشکردنەوەی داراییەوە. نەکا تۆش یەکێك لەو کەسانە بیت، کە پێیانوایە سۆشیالیزم بریتییە لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی کاڵا لەنێو کەسەکان.

**باکونین:** بەدڵنیاییەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی سۆشیالیزم.

**مارکس:** ئامانجی سۆشیالیزم زۆر لەوە سەرەکیترە. ئامانج، گۆڕینی تەواوەتی مرۆڤ و دروستکردنەوەی مرۆڤێکی نوێیە. مرۆڤێك کە لە کۆمەڵدا لەخۆنامۆبوونی ئەستەمدەبێت و ڕزگاردەبێت لێی. سۆشیالیزم ئەو ئازادییە بەدیدێنێت، کە لە ئەزموونەکانی پێشووتری مرۆڤایەتیدا بوونی نییە.

**باکونین:** تۆ ، ئازادی زۆر ناڕۆشن و مەتەڵاوی دەخەیتەڕوو.

**مارکس:** تۆش، زۆر دایدەبەزێنی و پێتوایە کە لەم دونیاییەدا هەندێك کەس ئازادن و هەندێکی دیکە ستەملێکراو.
**باکونین:** هەر ئاوایە، تەنیا کەمینەیەك ئازادن.

**ماركس:** من دڵنیاتدەکەم، کە لە دونیای ئێستادا هیچ کەس ئازاد نییە. لە ڕووی (معنوی) و ئاکارییەوە، تەنانەت دەوڵەتمەندترین بۆرجواش ئازاد نییە. سەرمایەدارێکیش وەك کرێکار کۆیلەی سیستەمەکەیە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئازادی پرۆلیتاریا ئازادی مرۆڤایەتییە.

**باکونین:** بەڵام ئەوە ڕاستییە، کە کەسێکی دەوڵەتمەند هەرچی بیەوێت، دەتوانێت ئەنجامیبدات، بەڵام هەژارێك تەنانەت توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی نییە.

**ماركس:** بەڵام هەڵبژاردن و دەستڕۆشتەیی سەرمایەدارێك لە چوارچێوەی سنووره فەرهەنگییەکانی سیستەمی بۆرجوایدایە، کە ددان بە مرۆڤایەتی هەمووواندا نانێت. سەرەڕای ئەوەش پێناسەی ئازادی بەم جۆره کە هەر کەس هەر کارێکی خواست بیکات، زۆر تەسکبیرانەیە.

**باکونین:** بەڵام هەر چۆن بێت زۆر لەو تیۆرییە باشترە، کە دەڵێت "ئەوە بکە، کە دەبێت بیکەی [بەوە هەستە، کە بەسەردا سەپێنراوە]". وەك ئەوەی کە قەشەکان دەیڵێن "باڵاترین ئازادی ئەوەیە کە خزمەتی کلیسا بکەیت" یا ئەوەی هێگڵ گوتوویەتی "باڵاترین ئازادی ئەوەیە کە گوێڕایەڵی دەوڵەت بیت". من فرەتر تێگەیشتنی خەڵکە سادەکەم لا پەسەندترە، کە دەڵێت " ئەوە بکە، کە بەلاتەوە باشترە".

**ماركس:** بەڵام تا چەند سات لەوەوپێش، تۆ ئازادیت لە پێشکەوتنی تواناییەکانی تاکدا پێناسەدەکرد، کە هەرچۆن بووە لە سۆشیالیزمەوە نزیکە. کەسێکی سۆشیالیست بێگومان

ئازاددەبێت، چونکە کەسێکی گۆڕاو و سەرلەنوێ چێکراوەیە.

**باکونین:** بەڵام ئەگەر تاك خۆی ئازادنەبێت، توانایییەکانی خۆی دەرکناکات.

**مارکس:** باکونین، دووبارە بە یاریکردن بە وشە کورتەکانی بۆرجوا لیبراڵەکان فێڵ لە خۆت دەکەیت. بابەت ئەوە نییە، کە ئادام سمیس و هاوبیرانی ئەو چی دەڵێن، پرسەکە ئەوەیە کە ئەگەر ڕێگە بە تاك بدەین ئازادبێت، ئەو لایەنی زۆری هەوڵەکانی لە بەرژەوەندی خۆی ئەنجامدەدات، بەڵکو مرۆڤێکی ئابووریی هۆکاری کەسیی بۆ باشترکردنی خۆویستنی خۆی هەیە.

**باکونین:** هەڵبەتە بە مەرجێك ئەو ڕاستییەی کە لیبراڵەکان لایەنگری دارایی تایبەتی و کێبرکێن، لەبەرچاونەگرین. من بۆخۆم باوەڕم بە هاوبەشیبوونی (سۆشیالیزەکردنی) هەموو شتێك هەیە.

**مارکس:** بەڵام بەرچاوترین سەرەتای فیلۆسۆفیی تۆ ئازادی بێسنووری تاکە، بەو شێوە بەزوویی مرۆڤگەلێك دەبینین، کە دەیانەوێت لە خوانی پانوبەرینی سۆشیالیستی بۆخۆیان پشکێك بەرن و ببنە خاوەنی، چونکە لەتەك ئازادی تەواوی تاکدا، ناتوانرێت دارایی تایبەت نەبێت. لە وەها هەلومەرجێکدا لەتەك کەسێکی خوازیاری دارایی چی دەڵێی؟ ئایا بەبێ دەوڵەت و دەسەڵاتێکی دیکە توانای هەنگاونان بەرەو سۆشیالیزم و ڕەتدانەوەی دژەکانی هەیە، چی دەکەی؟

**باکونین:** بەڵام بەخۆت گوتت کەسێکی سۆشیالیست، مرۆڤێکی گۆڕا

و دروستکراوە دەبێت و چی دیکە ئارەزووی خۆپەرستانە و خواستی دارایی کە لە کۆمەڵ بۆرجوازییەکاندا هەن، لەودا پەیدانابن.

**مارکس:** سۆشیالیستێك کە من مەبەستمە، بەدڵنیاییەوە دەگۆڕدرێت، بەڵام کەسێکی سۆشیالیست کە تۆ مەبەستتە، هەرگیز سۆشیالیست نییە. تۆ لەمەڕ هەر کەسێك وەك یەکەیەك یا ئیمپراتۆرییەتێکی گچکە لە ماف و بەرتەری (امتیاز) دەدوێیت و من قسە لەسەر مرۆڤایەتی بەگشتی دەکەم. لە ڕوانگەی منەوە ئازادی، ئازادی مرۆڤە نەك ئازادی تاك.

**باکونین:** ئەمەش دووبارەی ڕوانگەی (هێگل)ە کە ئازادی بە واتای، ئەگەر ئازادانە ڕەفتاربکەین، ڕەفتارمان دەرخەری ئاکار و ویژدانمان دەبێت و وەها ڕەفتارێکیش کە لە ژێرییەوە سەرچاوە بگرێت، بوونی تەنیا لە دەزگەی دەوڵەتدایە.

**مارکس:** هێگڵ بە هەڵەدانەچووە، چونکە تەنیا مرۆڤی ژیر دەتوانێت ئازادبێت و کەسی ژیرە کە دەتوانێت پێش بڕیاردان ئەڵتەرناتیڤی هەبێت. بڕیاری ناژیرانە هەڵبژێرێکی ئازادانە نییە. ڕەفتاری ژیرانەش واتە دەرككردنی پێداویستییە سروشتی و مێژووییەکان، لە ڕاستیدا لە نێوان ئازادی و پێداویستیدا ناکۆکی نییە.

**باکونین:** بەڵام ئێمە لە بارەی ئازادی خواستەوە قسەناکەین و ئەوەی مەبەستە، ئازادی ڕامیارییە، کە هیچ ئاڵۆزکاوییەکی میتافیزیکی نییە. ئازادی ڕامیاریی ئەوەیە کە هیچ جۆرە سەرکوت و ناچارکردنی ڕامیاریی بوونی نەبێت و بۆ دەرکردنی

ئەوەش پێویست بەخوێندن لە فیلۆسۆفیدا ناکات. تەنانەت منداڵێکی نۆ ساڵانیش دەتوانێت بڵێت، کە چەوسێنەر و چەوساوە کێن.

**مارکس:** هەروا منداڵی نۆ ساڵە بۆی هەیە ڕێگەچارەی دەستبەجێی گرفتەکە بەلەنێوبردنی دەوڵەت بزانێت و سەرەنجام ببێتە ئەنارکیست. هەڵبەتە کەمتەمەنی ئەو پاساوێکی باشە بۆ گەمژەبوونەکەی.

**باکونین:** منداڵ و فیلۆسۆف هەردووك دەکەونە هەڵەوە. گشت بەڵگە و پاڵپشتە گرفتپەسەندەکانی تۆ لەمەڕ ئازادی شتێك بێجگە لە باوەڕەکانی هێگڵ و ڕۆسۆ نین: " دەتوانرێت لە ڕێگەی زۆرەوە مرۆڤ ئازادبکرێت [ مرۆڤ تەنیا لە بوونی ڕژێمێکدا ئازادە] ".

**مارکس:** هەڵبەتە کە بەزۆر دەتوانرێت مرۆڤ ئازادبکرێت. بەو واتایەی کە بەزۆر ناچاریاندەکەین، کە ژیرانە ڕەفتاربکەن یا لایەنیکەم بەر بە ڕەفتاری ناژیرانەی ئەوان بگرین.

**باکونین:** بەڵام ئەو ئازادییەی کە بەزۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت، شایستەی ناوی ئازادی نییە.

**مارکس:** گرنگی کەتوارەکان لە ناو زیاترە.

**باکونین:** زۆر باشە. با سەرنجی کەتوارەکان بدەین. ئەگەر ئازادی لە ڕێگەی زۆرەوە بێت، لەو بارەدا کۆمەڵ بەسەر دوو چیندا دابەشدەبێت. دەستەیەك کە زۆرداریی دەکەن و دەستەیەك کە ئازادیان بەسەردا دەسەپێنرێت. بەم جۆرە لە کۆمەڵی بێچینی

سۆشیالیستیدا دوو دەستە خەڵك پەیدادەبن: فەرماندەر و فەرمانبەر ( سەروەر و ژێردەست)، بالا و پایین.

**مارکس:** هەڵبەتە بە ڕەوانگەیی هەندێك لە چاو ئەوانی دیکە لەپێش دەبن و من بەو جۆرەی کە پێشتر گوتم، کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بەتایبەت لە قۆناخی یەکەمدا دەبێت بەڕێوەببرێت. ئاساییە ئەلتەناتیڤێکی هەمان بورجی بابل بێت. دونیایەك کە تێیدا هیچ کەس نازانێت چی بکات یا چ چاوەڕوانییەکی هەبێت، دونیایەکی بێدیسپلین و ئاساییش، تەنیا پشتبەستن بە ڕێکەوتنەکان. ئەنارکیزم واتە بێسەرەوبەرەیی و من ڕکم لە ئەنارکیزم دەبێتەوە و ئەگەر وەها شێوەیەکت لەلا پەسەندە، ئەوا لەبەر هەستیارییەکە کە لە تۆدا بۆ ژیانی کامەرانی بۆهێمییەکان bohemian هەتە. ئاساییە پاش دژوارییەکان و توندوتیژییەکانی فێرگەی سەرەتایی و دیسپلینی خێزانی خانزادەیی و فێرگە سەربازییەکان، هۆگری بێسەرەوبەرەیی بیت. بەڵام ئەگەر کەمێك بیربکەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە بۆچی وەها بێسەرەوبەرەیییەك لەلات دڵگیرە.

**باکونین:** تۆ خەریکی لەبارەی سۆشیالیزمێکی کرچوکاڵەوە دەدوێیت و وەها تێگەییشتنێکت لە ئەنارکیزم هەیە. هەڵبەتە بۆ کەسێکی نەخوێندەوار، ئەنارکیزم هاوواتای بێسەرەوبەرەیی و ناڕێکوپێکییە، بەڵام کەسێکی خوێندەواری وەك تۆ پێویستە بزانێت، کە سەرچەشمەی واژەی ئەنارکیزم، بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و بەواتای نەیاری لەتەك فەرمانداریی و دژەسەروەری دێتەوە و ئەوە جۆرە پووچگەراییەکە کە نەبوونی فەرمانداریی بە بێسەرەوبەرەیی و ناڕێکوپێکی بزانین. لە ئێستاشدا بە سیستەمترین وڵاتانی ئۆروپایی ئەوانەن، کە تێیاندا فشاری

فەرمانداریی لەسەر خەڵك كەمترە. من تێناگەم دەتەوێت باس لە چی بکەیت، کاتێك کە باس لە ژیانی بۆهێمییەکان دەکەیت. من بۆخۆم هیچ هۆگرییەکم بۆ بێسەرەوبەرەیی نییە.
**مارکس:** بەڵام زۆر شەیدایانە قسە لەسەر خوێن و ئاگر و تێکدان دەکەی.

**باکونین:** ئەوە تەنیا بەخەباتەوە پەیوەستە. لەوانەیە من بۆ شۆڕش لە تۆ پەلەتر و نائارمتربم. بەڵام دڵنیاتدەکەم کە ئەنارکیستەکان وەکو خۆت لە سیستەمی سۆشیالیستیدا ئارەزوویەکی فرەتریان بۆ ئارامی هەیە.

**مارکس** : وەها خۆزگەیەك کەتواری نییە، چونکە لە دەرەوەی دەوڵەت ئاسایش و ڕێکوپێکی بوونی نییە. شۆڕشەکەی ئەنگۆ بێجگە لە کوشتوبڕ و فریاگوزاریی هیچی دیکە نییە.

**باکۆنین:** مارکس ئەی شۆڕشکەی تۆ، بێجگە لە کۆیلایەتی شتێکی دیکە بەرهەمدەهێنێت.

**مارکس:** دۆستی ئازیز، دەزانیت کە ئێمە هەردووکمان کەتووینەتە بەر جەور و ستەم و ڕکەبەری بۆرجواکان. ئەگەر ئەم گفوگۆیانە درێژەیان هەبێت، دەترسم چی دیکە هاوەڵی سۆشیالیستی یەکدی نەبین.

**باکونین:** با کەمێك ئاوی گەرم پەیدابکەم، چایەکەمان ساردبووەتەوە. ***

**************************************************************

پەراویزەکان:

بۆ خوێندنەوەی وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی سەردانی ئەم لینکە بکەن:

[www.theyliewedie.org/ressources/biblio/fr/Cranston_Maurice_-_Dialogue_imaginaire_entre_marx_et_Boukharine_-.html](www.theyliewedie.org/ressources/biblio/fr/Cranston_Maurice_-_Dialogue_imaginaire_entre_marx_et_Boukharine_-.html)

بۆ خوێندنەوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی سەردانی ئەم لینکە بکەن:

[http://asre-nou.net/١٣٨٤/shahrivar/١٥/m-marx-bakunin.html](http://asre-nou.net/١٣٨٤/shahrivar/١٥/m-marx-bakunin.html)

* هەرچەندە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا تایتڵی گفتوگۆکە ئاوا (گفتگوي ماركس و باكونين دربارەي آنارشيسم) هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەیدا بەم جۆرە نووسراوە، ئەوم بە ڕاستر زانی. و. ک

**بەداخەوە پێشەکییە فارسییەکە تەواوی ئەو پێشەکییە نییە کە لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەیدا هاتووە. ناگرێتەوە و وەهای نیشان داوە کە ئەم گفتوگۆیە ڕوویداوە. بەڵام بەخۆی ئاوا هاتووە (Imaginary Dialogue between Marx and Bakunin, Text of Mauritius Craniston, released in ١٩٦٢ in the B.B.C. in London). هەروەها کێشمەکێشی ئەو دووانە لەسەر سەپاندنی دەسەڵات بەسەر نێونەتەوەیی یەکەم و ڕەتکردنەوەی بوو. و.ک

*** ئەم بەشە لە دەقە فارسییەکەدا نەهاتووە و من لە دەقە فەرەنسییەکە وەرم گرتووە. و.ک

للقراءة و الطبع المزيد من الكتب الأخرى حول الأنارکية باللغة العربية،
الفارسية و الكردية، زوروا هذا الرابط الكتروني:
http://issuu.com/anarkistan

برای خواندن و چاپکردن کتاب بیشتر دربارەای آنارشیسم به زبانی عربی،
فارسی و کردی، روی این لینک انترنتی کلیک نماید:
http://issuu.com/anarkistan

بۆ خوێندنەوە و چاپکردنی پەرتووکی زیاتر دەربارەی ئەنارکیزم بە زمانی
عەرەبی، فارسی و کوردی، کرتە لەسەر ئەم لینکە بکەن:
http://issuu.com/anarkistan

# Imaginary Dialogue

between

## Karl Marx & Michael Bakunin

Maurice Cranston



Translated by: Hejên

First Edition, February 2010

# Imaginary Dialogue

between

## Bakunin & Marx





Maurice Cranston

Translated by. Hejên

first Edition, February 2010